# ڕێبازەکانی ڕەهاوی نادیار لە تۆماری مێژوویی

(PP 1 - 15)

**ID No. 1867**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.6.1

**مهدی صالح سلێڤانی          زەردەشت دلشاد خضر**

زانکۆی کۆیە-فاکەڵتی پەروەردە-بەشی  مێژوو

mahdi.slevani@koyauniversity.org

**وەگـــــــرتن : 2017/12/06**

**پەسـندکردن : 2018/04/15**

**بڵاوکـردنەوە : 2018/12/27**

**پێشەکی**

مێژوونوسە سریانیەکان  ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕاوە لە تۆماری مێژووی ئیسلامی، لە گۆشە نیگایەکی جیاواز لە ڕوی زانیاری و ڕێبازەوە ڕوداوەکانیان خستۆتە ڕوو، سریانیەکان بەژداریەکی کارایان هەبووە لە تۆمارکردنی مێژووی ئیسلام بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە تایبەتی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی گرینگی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بوون بە تایبەتی  ناوچەکانی وڵاتی شام و باکوری جەزیرە و عێراق، خاوەن تایبەتمەندی خۆیان بوون لە ڕووی زمان و ئاین و شارستانیەت.

ڕەهاوی نادیار، بە یەکێك لە مێژوونوسە سریانیە گرینگەکان هەژماردەکرێ، کە مێژووی قۆناغێکی گرینگی ئیسلام و ناچەکەی لە چوارچێوەی پەرتوکەکەیدا بەناونیشانی (مێژووی ڕەهاوی نادیار) نوسیوە، کە تیایدا تیشکی خستۆتە سەر دەوڵەتی ئەیوبی و شەری خاچ دروشمەکان کە لە بەرگی دووەمی پەرتوکەکەیدا بە تێروتەسەلی ڕووداوەکانی ئەم قۆناغەی بە ڕێبازێکی جیاواز لە مێژوونوسانی ئیسلامی لە ڕوی بابەتی و هەم لەروی زانیاری شیکردوەتەوە.

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەکی شرۆڤەکاری بۆ پەرتوکی مێژووی ڕەهاوی نادیار) شیکردنەوەی ڕێبازی ڕەهاوی نادیارە لە پەرتوکەکەیدا و چۆنیەتی خستنەڕووی ڕوداوەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە مێژوونوسانی هاوسەردەمی، بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوە و ژێدەر کە هاوکارمان بوون لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە.

سروشتی توێژینەوەکە وا دەخوازێت کە بۆ سێ تەوەر دابەش بکرێت، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (ناساندنی ڕەهاوی نادیار)ە، کە تێیدا بەکورتی باسمان لە کەسایەتی ڕەهاوی نادیار و ناساندنی پەرتوکەکەی کردووە، تەوەری دووەم کە بەناونیشانی (ڕێبازی نوسینی پەرتوکەکەیە) باس لەو ڕێبازانە کراوە کە ڕەهاوی لە نوسینی مێژووەکەی پەیڕەوی کردووە، تەوەری سێیەم کە لە ژێرناونیشانی (تێڕوانینی شیکاریانە بۆ ڕێبازی ڕەهاوی نادیار)ە ،بە شێوەیەکی شیکاری و بابەتیانە باس لە شێوازی خستنەرووی زانیاریەکان لە پەرتوکەکە کراوە.

**تەوەری یەکەم: ناساندنی ڕەهاوی نادیار[1]:**

ڕەهاوی نادیار، یەکێکە لەو مێژوونوسە سریانیانەی کەمترین زانیاری لەبارەی ژیانی لە بەردەستە (uTele,2012:4/307). ناوەکەی نادیارە (ابونا،2003: 3/ 66)، بەهۆی نەمان و لەناوچوونی پەڕی یەکەمی نوسراوەکە (ابونا،1996: 440). هەڵبەت لەلایەن هیچ کام لەمێژوونووسانی هاوسەردەمی خۆی ئاماژەی پێنەدراوە (Brock,1997:74). ڕەهاوی لەماوەی نێوان نیوەی  دووەمی سەدەی دوازدەهەمی زاینی (ساکا،2007: 224/3) تا نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەهەمی زاینی ژیاوە (Brock,1980 :17)، لەچوارچێوەی ئەو مێژووەیدا دەردەکەوێت، کە ڕاهیبێك[2] بووبێت لە دێری ماربەرسوم[3] (برصوم،1976: 403)، ئەمەش بە ڕونی

[1] ڕەهاوی نادیار، لە ژێدەرە ئینگلیزیەکان بە (Anonymous of Edessa) ناو دەبرێت  (Brock,1976:2/22).

[2] ڕاهیب: ناونیشانێکە لە ئاینی مەسیحی بەوکەسانە دەگوترێت، کە خۆیان تەرخان کردووە  بۆ خواپەرستی و ئەنجام دانی کاری چاکە و خزمەتکردنی هەژاران (اليسوعي، 1998 : 229 ).

[3] ماربەرسوم: دێرێکە لەنزیك مەلاتیە لەسەر لوتکەی چیا شێوەی لە قەڵا دەچێت، باخچە و کێڵگەی زۆری تێدایە  ئەم

لە نوسینەکانی بە دیاردەکەوێت کاتێك دەڵێت:" ئەوەم بە دەستی خۆم لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1506[4] [592ك/1195ز] لە دێری ماربەرسوم نوسی" (الرهاوي المجهول،1986: 371/2)، برصوم ساڵی (555ك/1160ز) بە ساڵی لەدایك بوونی ڕەهاوی دادەنێت لەشاری ڕوها[5]( 1976: 403)

مێژوونوسی ناوبراو، پەرتوکێکی مێژوویی نووسیوە، کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە (ابونا،2003: 67/3)، دابەشیکردووە بۆ (مێژووی دونیایی) و(مێژووی کڵێسای) (Edwell,2015:249). ناوبراو مێژووی دونیایی لەسەرەتای دروستبوونەوە، تا ساڵی (632ك/1234ز) خستۆتەڕوو، مێژووی کڵێسای لەسەردەمی قوستەنتینی گەورە، تا ساڵی (604ك/1207ز) تۆمارکردووە (ابونا، 2003: 67/3)، ئەمەش جۆرێك لە ڕێبازی نوسین بوو، زیاتر لە لایەن پیاوانی ئاینی پەیڕەودەکرا، ئەگەرچی بەشێکی زۆر لەم مێژووە ونبووە و نەماوە، بەتایبەتی مێژووی کڵێسای (Moosa,2003:52).

بە گوێرەی وتەکانی خۆی، جگە لەو پەرتوکە مێژووییە، پەرتووکێکیتری نووسیوە، چونکە دەڵێت:" لە پەرتوکێکی تردا ئەوەمان بە فراوانی باسکردووە" (الرهاوي المجهول،1986: 363/2)، ئەم دەقە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ڕەهاوی نادیار کتێبیتری نوسیوە، پێدەچێت لەبارەی کەسایەتییە ئاینیەکان بێت، بەڵام ئەم نوسراوە نەماوە، یاخود ونبووە (Tuele,2012:4/307).

مێژوونوسە سریانیەکە، کەسێك بووە گەشتی زۆری بەناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتدا کردوە و سەردانی کردون، وەك خۆی ئاماژە بەوە دەکات، کە لەگەڵ (مەفەریان[1] گریگۆریۆس) گەشتی کردوە، لەم باریەوە دەڵێت:" ئێمە لەگەڵ مەفەریان گریگۆریۆس لە تکریتەوە ڕۆیشتین چوینە ناو سنجار، لەگەڵ ئەو بوینە میوانی پزیشکێکی شارەزا..." (الرهاوي المجهول ،1986: 2/ 359). ئەم نوسینە پێمان دەڵێ کە ناوبراو لەڕووی پلە و پایەی ئاینی پلەی بەرزی نەبووە، بەڵکو وەك خزمەتکارێکی ئاینی یاخود نوسەری گەورە پیاوانی ئاینی بووە و گەشتی لەگەڵدا کردون، بەهۆی ئەمەوە توانیویەتی خۆی نزیك بکاتەوە لە گەورە پیاوانی ئاینی وەك پەتریاکە[2] ئەرسەدۆکسەکان ئەمەش هاوکاریەکی بێپایانی ناوبراویان کردوە، لە دەستگەیشتن بە سەرچاوە و بەڵگەنامە هەڵگیراوەکانی ناو دێرو کڵێساکان (Baumstark,1922 :302)، چونکە دێرەکان کتێبخانەی تایبەتیان تێدابووە، کە ژمارەیەکی زۆر لە پەرتووك و بەڵگەنامەی جۆراو جۆر لەخۆ دەگرێت (سلیفانی،2012: 23). هەموو ئەمانە یاریدەدەرێکی باشی ڕەهاوی نادیار بوون، لەنوسینی پەرتوکە مێژووییەکەی وەك پیاوێکی ئاینی، چونکە پیاوانی ئاینی بەشێکی گەورەیان لە مێژوونوسانی سریانی پێك دەهێنا (دوسلییە،2014: 41)، وەك مارمیخایلی سریانی[3] و ئیبن عبری[4].

ڕەهاوی، لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە کەسێکی زیرەك بووە، زمانی یۆنانی وعەرەبی زانیوە، (Weltecke,2000: 57)، سریانییەکان شارەزاییەکی باشیان لە ڕۆشنبیری یۆنانی هەبوە (امین،2012: 336)، لەبەرئەوە کاریگەریی یۆنانی بەسەر سریانییەکان لە نووسینەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەنمونەش بەکارهێنانی چەمك و ساڵی یۆنانی، تەنانەت زۆرێك لە وشەی یۆنانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سریانی (کامل،1987: 25-41)، بەڵگەش بۆ ئەمە بەکارهێنانی ساڵ و چەمکی یۆنانییە لەلایەن ڕەهاوی نادیارەوە، کە گوزارشتە بۆ ئاشنایەتی ناوبراو بە ڕۆشنبیری یۆنانی، (الرهاوي المجهول،1986: 91/2).

سەبارەت بە ساڵی مردنی مێژوونوسەکە، بیروڕای جیاواز لە نێوان توێژەران هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خاڵی کۆتایی ئەو مێژووەی ناوبراو تۆماری کردووە لە بەردەستدانیە، واتە ونە یاخود فەوتاوە (تاریخ الرهاوی المجهول،1986: 271/2)، لەبەرئەوە هەندێك لە توێژەران بڕوایان وایە نوسینی مێژووەکەی تەواو کردوە، واتە ساڵی(632ك/1234ز) مردووە (Moosa,2003: 53). هەندێکیتر دەڵێن لە دوای ساڵی (632ك/1234ز) مردوە (برصوم ،1976: 403) بیروڕای دیکەش هەیە، کە وای بۆ دەچن و پشتگیری ئەوە دەکەن، کە ئەم مێژوونوسە لە ساڵی (638ك/1240ز) مردبێت (Weltecke,2010: 101).

---

دێرە شوێن و پێگەی گرینگی لە کلێسای سریانی هەیە (یاقوت الحموي، 1998: 1/**287؛** زیات، 1999: 10**7**).

[4] جیاوازی نێوان ساڵی یۆنانی و ساڵی زاینی (311) ساڵە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (جب،1981: 16-17)

[5] ڕوها: شارێکە لە هەرێمی جەزیرە (الحمیري،19**8**4: 2**7**3)، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات، لەلایەن گریکەکانەوە دروستکراوە، لەسەردەمی کۆن پێیان دەگوت ئەدیسا، ئارامیەکان بە روها ناویان دەهێنا لە ئێستادا پێ دەڵێن ئورفە (burkitt,1904:6-7).

[1] مەفەریان: یەکێکە لە پلەکانی پیاوانی ئاینی لە کلێسای سریانی، لەڕوی ریزبەندییەوە بە پلەی دووەم دادەنرێت، هەڵگری ئەم پلەیە دوای پەتریاك دێت، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر گشت ئەسقوفەکانی هەیە (برصوم ،1976: 502؛ بهنام، 1963: 21). .

[2] پەتریاك: نازناوێکە لەسەدەی پێنجەمی زاینی سەریهەڵداوە، بەسەرۆکی قەشەکانی هەرچوار کورسی مەسیحیەتی ڕۆما، ئەسکەندەریە، ئەنتاکیە، قوستەنتینیە وتراوە (برصوم ،1976:498؛ الیسوعي،1998: 111).

[3] مارمیخایلی سریانی: بە مارمیخایل سریانی یاخود گەورە ناسراوە، لە ساڵی (520ك/1126ز) لە مەلاتیە لە دایك بووە، بەخێزانەکەیان دەوت ئال قنداسی، لە دێری ماربەرسوم فێری زانست و ڕۆشنبیری بووە، لەساڵی (556ك/1160ز) کراوە بە پەتریاك، تاکو مردنی لە ساڵی (596ك/1199ز) لەم پۆستەدا ماوەتەوە (دوفال،1992: 429؛ ابونا،1996: 433-434 ).

[4] ئیبن عبری: گریگۆریۆس ئەبو فەرەج جەمالەدین، نازناوی ئیبن عبریە لەساڵی (624ك/1226ز) لە مەلاتیە لە دایك بووە، پێگەیشتوە، لە ساڵی (663ك/1264ز) پلەی ئاینی بەرزکراوەتەوە و کراوە بە مەفەریانی ڕۆژهەڵات، تا مردنی لە ساڵی (685ك/1286ز) لەم پۆستەدا ماوەتەوە( دوفال،1992: 438-439؛ یوسف،2010: 240).

بڕوامان وایه كه ڕەهاوی نادیار، دوای ساڵی (635ك/1237ز) له ژیاندابوه، به بەڵگەی ئەوەی ناوبراو بەجۆرێك ئاماژەی به نووسینی مێژووەكەی كردوه، دوای مەلیك ئەشرەف[1] بەردەوام بوبێت له نوسینی مێژووەكەی، دەڵێت:" مەلیك ئەشرەف شایەنی ئەوەیه به باشه باسی بكرێ" (الرهاوي المجهول،1986: 260/2)، بەكارهێنانی ئەم جۆره دەستەواژەیه له لایەن ڕەهاوی نادیارەوه بەڵگەیه، كه ئەو مێژوونوسه له دوای مردنی مەلیك ئەشرەف له ساڵی (635ك/1237ز)، بەردەوام ڕوداوه مێژووییەكانی تۆماركردوه. بەڵگەی دووەم ئەوەیه كه ئەم كەسایەتیه له بەشێكی پەرتوكەكەی ئاماژەی به ناوی هەندێك له پیاوانی ئاینی دەكات كه دوای ساڵی (562ك) ژیاون وەك ئاماژەكردن به مطرانی رەها (باسیل) كه له ساڵی (563ك) كۆچی دوای كردووه، كەواته ڕەهاوی له ساڵی (563) ژیاوه.

**تەوەری دووەم: ڕێبازی نوسینی پەرتوكەكە:**

شێوازی نوسین، واته ئەو ڕێبازەی مێژوونوسێك له تۆماركردنی مێژووەكەی دەیگرێته بەر، له ئەنجامی ئاستی هۆشیاریی مێژوویی نوسەرەكەیه، هاوكات ئەو ژینگەی مێژوونوسەكەی تێدا له دایك بوەوه و پێگەیشتووه، تەواوی ئەو بارودۆخه سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتییەی لەم ناوچەیه ڕویداوه، كاریگەریی له سەر ئاڕاسته و شێوازی نوسینی مێژوونوسەكه دادەنێن (الشریف،2013: 72) و پێگەی كۆمەڵایەتی نوسەر به یەكێك له كاریگەرترین هۆكار دادەنرێت و ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر بەدەست كەوتنی جۆری كتێب و بەڵگەنامەكان دەكات، كه نوسەر له تۆماره مێژووییەكەی سودیان لێدەبینێت، ڕێبازی مێژوونوسەكه دەكەوێته ژێركاریگەریی ئەو سەرچاوانەی كه دەستی كەوتوه و بەكاری هێناون (جب،1979: 158-159).

شێوازی تۆماری مێژوویی مێژوونوسه سریانییەكان له زۆربەی ئەو پەرتوكانەی له بەردەستمانه دوو شێواز له خۆدەگرێت، كه دابەش دەكرێت بەسەر مێژووی دونیایی و ئاینی (میخائیل السریانی ،1996: 9/3)، چونكه پیاوانی ئاینی بەشێكی گەورەی مێژوونوسانی سریانییان پێكدەهێنا، ڕەهاوی نادیار وەك كەسێكی ئاینی، نوسینەكانی زیاترشەقڵی ئاینی پێوه دیاره، هاوكات پێگه كۆمەڵایەتییەكەی كاری كردووەته سەرچۆنیەتی ڕێكخستن و نوسینی كتێبەكەی، كه دابەشیكردوه بەسەر مێژووی دونیایی و مێژووی كڵێسا.

بەشێوەیەكی گشتی ئەو مێژوونوسه له نوسینی مێژووەكەی دوو ڕێبازی گرتووەتەبەر، ئەوانیش ڕێبازی ساڵانه (المنهج الحولي) و ڕێبازی بابەتی ( المنهج الموضوعي).

**1- ڕێبازی ساڵانه (المنهج الحولي)**

ئەو ڕێبازەیه له تۆماركردنی ڕوداوەكان پشت به ساڵ دەبەستێت، واته ساڵ له دوای ساڵ ڕوداوەكان بەشێوەیەكی زنجیرەیی تۆماردەكرێن (العزاوی،1993: 131). كه به یەكێك له باوترین شێوازەكانی نوسینی مێژوو دادەنرێت له سەدەكانی ناوەڕاست (جب،1979: 159). پەیرەوكردنی ئەم ڕێبازه له لایەن مێژوونوسانی سریانی بۆ پێشتر دەگەڕێتەوه، واته بەر له ئەویش ئەم شێوازی نوسینه بەكارهاتوه، له لایەن مێژوونوسه سریانییەكان لەوانەش یەعقوبی ڕەهاوی[1] (العزاوی،1993: 137) ومارمیخایلی سریانی (مر596ك/1199ز) له نوسینی مێژووی ئیسلام.

به سەرنجدان له نوسینەكانی ڕەهاوی نادیار بۆمان دەردەكەوێت، كه ڕەهاوی نادیار تەواو پابەند و پەیڕەوی ڕێبازی ساڵانەی نەكردوه، بەڵام توخمەكانی ئەم شێوازی نوسینه له دوتوێی پەرتوكه مێژووییەكەی ڕەنگی داوەتەوه، بۆنمونه ڕەهاوی نادیار به شێوەیەكی زنجیرەیی باس له دەسەڵاتی خەلیفەكانی عەباسی دەكات و له دەسەڵاتی خەلیفه هاڕونه ڕەشید دەست پێدەكات و دواتر

---

[1] مەلیك ئەشرەف: موسای كوڕی مەلیك عادله، نازناوی مەلیك ئەشرەف موزەفەرەدینه، ساڵی (**576**ك/**1180ز**) له میسر لەدایك بووه، لەساڵی (**598**ك/1201ز) كراوه به سەرداری ڕوها، كەسێكی بەتوانا و لێهاتوو بووه، له ساڵی (**635**ك/**1237ز**) كۆچی دوایی كردووه (سبط ابن الجوزي،1952: **8**/710؛ ابو شامة،**1997**: 4/**486؛** ابن خلكان، 1978: **5**/ 230 ).

[1] یەعقوبی ڕەهاوی: زانیاریەكان له بارەی ژیانی كەمن، له ناوچەی عیندابای سەر به ئەبرەشیەی ئەنتاكیه لەدایك بووه، له دێری قەنسەرین خوێندویەتی و پێگەیشتووه، دواتر له لایەن پەتریك ئەسناسیۆسەوه كراوه به ئەسقوفی شاری روها، كەسێكی پەیوەست به یاساكانی كڵێسه بووه، نوسراوی جۆربەجۆری هەیه له گشت بوارەكان، ساڵی مردنی زۆر -ڕوون نیه، مێژوونوسان ماوەی نێوان ساڵانی (90-92ك/708-710ز) وەك ساڵی مردنی دەست نیشان كردووه (دوڤال،1992: 399-401).

[1] ئەمین: مەحەمەد ئەبو عەبدوڵای كوڕی هاڕونه ڕەشیده، ساڵی (171ك/787ز) له دایك بووه، دوای مردنی باوكی بووه به خەلیفه، بەردەوام له ململانێ دابووه لەگەڵ مەئمونی برای دواجار شكستی هێنا و له ساڵی (198ك/813ز) كوژرا ( ابن العمراني ، 1999 : 95؛ العمری،2010: 30؛ السیوطي،2003: 236).

[2] بەگوێرەی سەرچاوه ئیسلامیەكان خەلیفه مەئمون له ساڵەكانی (215-216-217-218ك/830-831-832-833ز) هێرشی كرۆته سەر وڵاتی ڕۆم (الطبري،1976: 623/8، 631،628،625)

[3]خەواریجەكان: گروپێكی سیاسی ئاینی بوون، له سەردەمی خەلیفه عەلی كوڕی تالیب سەریان هەڵدا و له دەسەڵاتی دەرچون، به مەسەلەی (تحكیم) ڕازی نەبوون، له شەڕی (صفین) دا له ساڵی (37ك/657ز) دژی وەستانەوه، ئەم كۆمەڵەیه بەردەوام دژایەتی دەسەڵاتی ناوەندیان دەكرد، ئامانجیان وەرگرتنی دەسەڵات بوو (البغدادي،2009: 61-64 ؛ معروف، 1988: 18).

باس لە خەلیفە ئەمین (مر198ك/813ز)[1] دەكات، بەم شێوەیە تا سەردەمی خیلافەتی متەوەكل بەردەوام دەبێت (الرهاوي المجهول،1986: 56/2).

هەندێكجار ڕەهاوی نادیار بەشێوەیەك لە شێوەكان ڕیزبەندی ساڵی كردوە، لە باسكردنی ڕوداوی جیا جیا، وەك ساڵەكانی هێرشی خەلیفە مەئمونی بۆسەر وڵاتی ڕۆم، بە شێوەیەكی زنجیرەی و ساڵ بە ساڵ ڕیزكردوە (214-215-216ك/829-830-831ز)[2] (الرهاوي المجهول،1986: 36/2-38)، هەروەها باسی ژمارەیەك ڕوداوی جیاوازی كردووە و ساڵی ڕودانیانی بەشێوەی ڕێبازی ساڵانە ڕیزبەند كردوە، وەك ساڵەكانی (589-590-591-592ك/1193-1194-1195-1196ز) (الرهاوي المجهول،1986: 230/2-233).

ڕەهاوی نادیار، بۆ بەیەكەوە گرێدانی دوو ڕوداوی جیا كە لە یەك ساڵ ڕویدابێت، كورتە ڕستەی (لە هەمان ساڵ)ی بە كارهێناوە، وەك لە باسكردنی ڕوداوەكانی ساڵی (200ك/815ز) دا دەڵێت : " لە ماوەی هەمان ساڵدا (كەلسوم برای حەبیب) بەدەستی خەواریجەكان[3] كوژرا..." (الرهاوي المجهول، 1986: 25/2-26)، كورتە ڕستەی (لە هەمان ساڵ یان لەم ساڵەدا)  یەكێكە لە هێماكانی ڕێبازی ساڵانە (ترحيني، د.ت: 133). یەكێكی تر لە شێوازەكانی باسكردنی ڕوداوەكان لای مێژوونوسەكەمان، خستنەڕوی كۆمەڵە ڕوداوێكی جۆراو جۆرە لە ماوەی یەك ساڵدا (الرهاوي المجهول،1986: 2/ 183)، هەروەها ناوبراو كۆمەڵێك ڕوداوی سروشتی، وەك زەمین لەرزە و دیاردەی خۆرگیران، لافاوی باسكردوە (الرهاوي المجهول،1986: 207/2،187،141،99،55)، تەواوی ئەو ڕوداوانە لە تایبەتمەندییەكانی ڕێبازی مێژوویی ساڵانەن، هاوشێوەیە لەگەڵ مێژووی ساڵانەی مێژوونوسانی ئیسلامی (روزنثال،1983: 107-109).

**2- ڕێبازی بابەتی (الموضوعي)**

نوسینی مێژوو بە گوێرەی ڕێبازی بابەتی، واتە تۆماركردن و ڕێكخستنی ڕوداوەكانی مێژوو بەپێی بابەت[1]، لەمجۆرە شێوازە مێژوونوس باس لە بابەتێكی دیاریكراو دەكات، ساڵ بنەمایەكی گرینگ نییە واتە بەسەر ساڵ دابەش ناكرێ، بەڵكو جەخت لە سەر لایەنە جیاجیاكانی ئەم بابەتە دەكاتەوە، بەبێ پچڕان یاخود تێكەڵكردنی بابەتێتر بەجەوهەری باسەكەوە.

ئاماژەمان بەوەكرد، كە ڕەهاوی نادیار لە نوسینی مێژووەكەی تەواو پابەندی ڕێبازی ساڵانە نەبوە، بەڵام بە ڕوانین لە تۆمارەكەی دەبینین زیاتر پەیڕەوی ڕێبازی بابەتی كردوە، بەجۆرێك لە سەرەتاوە مێژووەكەی بەسەر چەند ناونیشانێكی جیا جیا دابەشكردوە، بە شێوەیەكی دیاریكراو باس لەو بابەتە دەكات، كە ناونیشانی بۆ داناوە، بۆنمونە لە باسكردنی گەمارۆدان و گرتنی شاری ڕوها لە لایەن عیمادەدین زەنگییەوە، بە تەواوی پەیڕەوی ڕێبازی بابەتی كردوە، چونكە لە سەرەتای گەمارۆ دانەكەوە زۆر بەوردی باسی گشت لایەنەكانی ئەم ڕوداوە مێژووییەی كردوە، بە بێ پچڕان و باسكردنی بابەتێكیتر، تەنیا ئەوە نەبێ كە مێژوونوسەكەمان ئەم ڕوداوەی بۆ چەند ناونیشانێكی جیاواز دابەشكردوە، بەڵام گشتیان تەواو كەری یەكن (الرهاوي المجهول،1986: 145/2-151).

بەشێوەیەكی گشتی شێوازی نوسین و وردی زانیاریەكانی ناوبراو لە باسكردنی ئەو بابەتانەی خستویەتیە ڕوو، زیاتر دەچێتەوە سەر ڕێبازی یەشوع عەمودی[2] (زكار،1995: 13/5)، هەڵبەتە تەكنیك و شێوازی نوسین و داڕشتنی نزیكە لە شێوازی دنسیۆس تلمحری لە ڕوی دابەشكردنی بابەتەكان (Sophoulis,2012:41).

**چۆنیەتی ڕێكخستنی ساڵی ڕوداوەكان لە لایەن ڕەهاوی نادیار (الرهاوي المجهول):**

ڕەهاوی نادیار بە چەند شێوازێكی جیاواز ساڵی بۆ ڕوداوە مێژووییەكان داناوە، بریتین لە مانەی خوارەوە:

**1-** ڕەهاوی نادیار لە باسكردنی بەشێك لە ڕوداوەكان، كاتی ڕودانیانی بەڕۆژ و مانگ وساڵ دیاری كردوە، ئەمەش بەشێكە لە ڕێبازی نوسەر بۆ ئەوەی متمانە لای خوێنەر دروست بكات و هەوڵی ئەوە دەدات ڕاستگۆیی خۆی بسەلمێنێت، بۆنمونە كاتێك لە دیاردەیەكی سروشتی تۆماردەكات، هەوڵ دەدات زۆر بەوردی سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابكێشێت، وەك دەڵێت: " لە ڕۆژی یەكشەممەی یانزەی مانگی نیسانی ساڵی 1486یۆنانی [571ك/1175ز] خۆر گیران ڕویدا..." (الرهاوي المجهول، 1986: 207/2)،

---

[1] لە پێشەنگترین ئەو مێژوونوسە ئیسلامیانەی پەیڕەوی ئەم ڕێبازەیان كردووە، یەعقوبیە (مر 292ك/897ز) كتێبەكەی بەناوی (مێژووی یەعقوبی)یە، هەروەها مەسعودی (مر 346ك/957ز) لە پەرتوكەكەی بەناوی (مروج الذهب ومعادن الجوهر).

[2] یەشوع عەمودی: هیچ زانیاریەك لە بارەی ژیانی بەردەست نییە، ناوبراو مێژوویەكی نوسیوە، كە ڕوداوەكانی ساڵی (395 تا 506ز) لەخۆ دەگرێت، باس لە شاری ڕوها و شەڕی نێوان فارس و ڕۆمەكان دەكات (برصوم،1976: 218). ڕێبازی ناوبراو لە سەرچاوە ئینگلیزیەكان پێی دەوترێت(Joshua the stylite) (Trombley,2000:32/13).

هەروەها ماوەی گەمارۆدانی شاری مەلاتیەی[1] لە لایەن قلیج ئەرسەلانەوە[2] بەم جۆرە دیاری كردوە، وەك دەڵێت: " لەنۆزدەی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1488یۆنانی [573ك /1177 ز] تا بیستو پێنجی تشرینی یەكەمی ساڵی 1489یۆنانی [574ك/1178ز] گەمارۆیدا" (الرهاوي المجهول،1986: 216/2).

**2-** جگە لە وەی ناوبراو ڕۆژ و مانگ و ساڵی ڕوداوەكانی دیاریكردوە، تەنانەت لە هەندێ جار كاتژمێری ڕوداوەكەی دیاریكردوە زۆر بە پێزەوە باسی ڕوداوەكە دەكات، بۆ وێنە كاتێك باس لە هێرش و گەمارۆدانی شاری ڕوها لە لایەن نورەدین مەحمود دوای مردنی عیمادەدین زەنگی باوكی لە ساڵی (541ك/1146ز) دەكات، فرەنجەكان لە كاتی گەمارۆی شارەكە بیریان لەوە كردەوە كە شەو دەربچن بۆ ئەوەی موسڵمانان هەستیان پێنەكەن، لێرەدا دەڵێت :" تا كاتژمێر سێی شەو مانەوە" (الرهاوي المجهول،1986: 167/2).

**3-** لەگەڵ ئەوەی مێژوونوسەكەمان بەشێك لە ساڵی ڕوداوەكانی بە وردی تۆماركردوە، لە بەرامبەردا هەندێ كات بەم شێوەیە ورد نییە، یاخود گرینگی بە ساڵ یان ڕێكەوتی ڕوداوەكە نەداوە، وەك لە باسكردنی گەمارۆدان و گرتنی شاری ئامەد[1] لە ساڵی (580ك/1184ز)لایەن سەلاحەدینی ئەیوبی، لەم بارەیەوە دەڵێت: " لە ماوەی چەند ڕۆژێك بە زەبری هێز گرتی" (الرهاوي المجهول،1986: 227/2).

**4-** ئەگەرچی لە باسكردنی هەندێ ڕوداو ئاماژەی بە ساڵەكەی نەكردوە، بەڵام لە چوارچێوەی باسكردنەكە لە پێشوتردا ساڵەكەی دیاریكردوە، بەمشێوەیە دەریبڕیوە، وەك دەڵێت : " لەم ساڵەدا " (الرهاوي المجهول،1986: 26/2) لێرەدا مێژوونوسەكەمان مەبەستی ساڵی (200ك/815ز) یە.

گومان لەوە نییە ڕەهاوی نادیار كەوتوەتە ژێركاریگەریی شێوازی نوسینی ئەو سەرچاوانەی بەكاریهێناوە، بە تایبەتی ساڵ و ڕۆژی ڕوداوەكانی لە تۆمارە مێژووییەكان وەرگرتوە، هەروەها هەندێ ڕوداویتر كە خۆی بینەریان بووە و لە سەردەمی ئەو ڕویان داوە.

## تەوەری سێیەم: تێڕوانینێكی شیكارییانە بۆ ڕێبازی ڕەهاوی نادیار

### 1- ناونیشانی بابەتەكان:

لە پێشوتردا تیشكمان خستە سەر ناونیشانی پەرتوكەكە، هەرچەندە لە ژێرناونیشانی (مێژووی ڕەهاوی نادیار)ە، بەڵام جگە لە ئاماژەگەلێكی بەرفراوانی شاری ڕوها، ڕەهاوی نادیار باسی كۆمەڵێك ڕوداوی مێژوویی پەیوەست بەناوچە جیاوازەكانی دەوروبەری ئەم شارە و شارەكانیتر كردوە.

ڕەهاوی نادیار، تەواوی ئەو ماوە مێژووییەی لە كتێبەكەی باسی كردوە، بۆ گشت ڕوداوەكان ناونیشانی داناوە، واتە هەر ڕوداوێكی مێژوویی لە ژێرناونیشانی جیاواز و تایبەت بە خۆی داناوە، بە شێوەیەكی كورت و پوخت باسی كردوە، بە درێژی لە سەریان نەدواوە (Weltecke,2010:102).

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین سروشتی بابەتەكانی تۆمارە مێژووییەكە، زیاتر سروشتێكی سیاسی و سەربازییە، ڕەنگە چەند هۆكارێك وایان كردبێت، كە ئەم دوو بوارە باڵبكێشن بەسەر ئاراستەی پێنوسی مێژوونوسەكەمان ، لە دیارترینیان ئەمانەن:

**أ-** ئەو سەردەمەی ڕەهاوی تێدا ژیاوە، بینەری چەندین ڕوداوی سەربازی و گۆڕانكاری سیاسی لە ناوچەكە بووە ، وەك پەرەسەندن و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سەلاحەدینی ئەیوبی و هێرشی ناوبراو بۆ سەر شاری قودس (583ك/1183ز)، هاوكات هاوسەردەمی هێرش و وێرانكاری مەغۆلەكان بووە، كە بۆ سەر جیهانی ئیسلامی ئەنجامیان داوە.

**ب-** جۆری سەرچاوە بەكارهاتوەكان لەلایەن ناوبراوەوە كاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەرناوەرۆكی تۆمارەكە هەبوە، ڕەنگە ئەو سەرچاوانەی لە لایەن ڕەهاوی نادیارەوە بەكارهاتوون، زیاتر بایەخیان بە بواری سەربازی و سیاسی دابێت، وەك (دیونیسیۆس تلمحری) (مر231ك/ 845ز) و (باسلیۆسی ڕەهاوی) (565ك/1169ز) و ئەوانیتر، ئەم كاریگەریە لە تۆمارە مێژووییەكەمان ڕەنگی داوەتەوە.

زۆرجار ناونیشان ڕەنگدانەوە و دەربڕی ناوەڕۆكە، بەو مانایەی كاتێك خوێنەر ناونیشانێك دەخوێنێتەوە، ڕوانینێكی گشتی ناوەڕۆكەكەی لادروست دەبێت، بۆیە پێویستە لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا نوسەر پەیوەست بێت بە وێناكردنی ڕوداو و تۆماری

[1] مەلاتیە: شارێكی گەورەیە، لە هەرێمی جەزیرە، دەكەوێتە ڕۆژئاوای ڕوباری فورات (ابن خرداذبە،1889: 97 ؛ ابن حوقل،1938: 208/1) باكوری كوردستانی ئێستا.

[2] قلیج ئەرسەلان: عزەدین قلیج ئەرسەلانی كوڕی مەسعود كوڕی قلیج ئەرسەلانی كوڕی سلێمانە، بە قلیج ئەرسەلانی دووەم ناسراوە، بە یەكێك لە بەناو بانگترین و بەهێزترین سوڵتانەكانی سەلجوقی دادەنرێت، دوای مردنی باوكی لە ساڵی(550ك/1155ز) هاتە سەردەسەڵات بەردەوام هەوڵی یەكخستنی سەلجوقیەكانی دەدا گرینگی زۆری بە بواری ئاوەدانكردنەوە داوە، ساڵی (588ك/1192ز) كوژرا (ابو الفداء،1907: 85/3 ؛ الذهبی،1996: 88/41 ؛ طقوش ،2011: 179).

[1] ئامەد: شارێكە لە هەرێمی جەزیرە، دەكەوێتە ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلە وەك كەوانەیەك دەوری داوە، ئەم شارە بە شورا گەورەكانی ناوی دەركردوە، بە (دیاربەكر) یش ناودەبرێ (یاقوت الحموي،1977: 56/1 ؛ لسترنج ،1985: 141).

نوسینەكەی لەناونیشاندا، ئەگەر سەنج بدەینە تۆماری ڕەهاوی نادیار زۆرجار تێبینی ئەوە دەكەین كە ئەم ڕێبازەی نەگرتوەتەبەر، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێك شوێن پەیڕەوی ئەوەی كردووە، كە ناونیشانەكەی وەك ئاوێنەیەك بێت بۆ وێناكردنی ناوەڕۆكەكەی، بە شێوەیەكی گشتی لە بارەی بەرجەستە بونی ناونیشان لە ناوەڕۆكی باسەكانی بەمشێوەیەیە:

**أ-** ڕەهاوی نادیار، لە كاتی گێڕانەوەی هەندێ ڕوداوی مێژوویی لەو ناونیشانەی بۆی داناوە لای نەداوە، ئەمەش بەو مانایەیی ناونیشانەكە تەواو لە ناوەرۆكی باسەكە بەرجەستە دەبێت و ڕوداویتری مێژووی تێكەڵ بە باسەكە نەكردوە، وەك گەمارۆدان و گرتنی شاری ئەنتاكیە[1] لە لایەن خاچیەكان لە ماوەی هەڵمەتی خاچی یەكەم (الرهاوي المجهول،1986: 2/76-77)، دوای ئەمە جارێكی تر باس لە گەمارۆدانی ئەنتاكیە دەكات لە لایەن كەربوغا[2] و تێكشكانی بەرامبەر بە فرەنجەكان (الرهاوي المجهول،1986: 2/77-78) ناوبراو ئەم ڕوداوانەی بە شێوەیەكی كورت و پوخت باسكردوە، ناوەرۆك و ناونیشان تەواوكەری یەكترن.

**ب-** لە باسكردنی بەشێك لە ڕوداوە مێژووییەكان، لەو سەرەناونیشانەی كە بۆی داناوە لادەدات، واتە باسەكە تەنیا ناونیشانەكە لە خۆ ناگرێت، بەڵكو باسی چەند ڕوداوێكی تری مێژووی دەكات و تێكەڵ بە بابەتە سەرەكیەكەی كردوە، وەك سەرهەڵدانی شەڕ و ململانێی نێوان ئەمین و مەئمون كوڕانی هارون ڕەشید بە ناونیشانێك داناوە، كەچی جگە لە باسكردنی ئەم شەڕ و ململانێیەی نێوانیان، بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی ناوەند و سەرقاڵبون بە كێشەی نێو بنەماڵەی، هاوكات ئاماژە بە چەند جوڵانەوەیەكی تێكدەرانە دەكات، وەك نەسری كوڕی شەبس[3] و چەند بزوتنەوەیەكی تر (الرهاوي المجهول،1986: 2/21). مێژوونوسەكەمان لە باسكردنی بەشێكی زۆر لە ڕوداوە مێژووییەكان پابەند نەبوە بە گێڕانەوەی یەك بابەت، تا بگونجێت لەگەڵ ئەو نانیشانەی بۆی داناوە، بەڵكو بابەتی تری باسكردوە، جگە لە بابەتە سەرەكیەكە.

**ج-** لە گێڕانەوەی ڕوداوێكی مێژوویی، دەبینین ناوەڕۆك و سەرەبابەت بە تەواوی جیاوازن، واتە بە یەك وشەش لە ناوەڕۆك باسی ناونیشانەكەی نەكردوە، لە وانەش ڕەهاوی نادیار ئازاد بوونی جالڕان[1] و كوژرانی بەناونیشانێك داناوە، كەچی لە ناوەرۆك باسی كوژرانی بەرسەقی دەكات لە لایەن ئیسماعیلیەكان (الرهاوي المجهول،1986: 2/121). تەنیا یەكجار ئەم جۆرە پابەند نەبونە لە لایەن ڕەهاوی نادیارەوە لە كۆی گشتی كتێبە مێژوویەكەی بەدی دەكرێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین بە شێكی زۆر لەو ڕوداوە مێژوویانەی ڕەهاوی نادیار لە تۆمارەكەی بەیانی كردوە پەیوەستە بە بارودۆخی مەسیحیەكان لە ناوچە جیاوازەكان، ئێمە ئەم گرینگی پێدانەی ناوبراو بە مەسیحییەكان بە كارێكی ئاسایی دەبینین، چونكە مێژوونوسەكەمان خۆی مەسیحیە، هەوڵی داوە ئەو بارە ناهەموارەی دوچاری مەسیحیەكان بوەتەوە لە سەردەستی دەسەڵاتدارە ناوچەییەكان بیخاتە ڕوو.

**2- دوبارەبونەوە:**

ڕەهاوی نادیار لە نوسینی مێژووەكەی چەند بابەتێكی دوبارەكردۆتەوە، بەڵام بەرلەوەی باس لەم هەواڵانە بكەین، كە ناوبراو زیاتر لە جارێك بە درێژی باسیان دەكات، گرینگە تیشك بخەینە سەر لایەنێك لە شێوازی گێڕانەوەی ڕوداوەكان لەلای ئەو، لە كاتی باسكردنی بەشێك لە هەواڵەكان بە ئەندازەیەكی بەرچاو دەستەواژەی (وەك لە پێشوتردا باسمان كرد، یان وەك ووتمان) بەكاردەهێنێت، واتە خواستی ئەوەی هەبوە ئەو بابەتەی لە پێشوتردا لێی دواوە جارێكی تر بیخاتەوە بیری خوێنەرەكانی. لێرەدا مەبەستی بووە هەواڵەكان پێكەوە ببەستێ جۆرێك لە تەواوكاری ڕوداوەكان پەیڕەوبكات، بۆنمونە باس لە كوژرانی (مەودود) خاوەنی موسڵ دەكات دەڵێت:" كاتێك مەودود لە دیمەشق كوژرا وەك ووتمان" (الرهاوي المجهول،1986: 2/100)، كوژرانی مەودودی بە دەستی ئیسماعیلیەكان لە ڕوداوەكانی ساڵی(503ك/1109ز)[2] گێڕاوەتەوە (الرهاوي المجهول،1986: 2/98). لە بارەی

---

[1] ئەنتاكیە: یەكێكە لە شارە مێژووییەكان، دەكەوێتە باكوری وڵاتی شام، لە قەراغ دەریای سپی ناوەڕاست، ئەم شارە پێگەیەكی گرینگی لە قۆناغە جیاجیاكانی مێژوو هەبووە، لە ئێستادا لە چوارچێوەی دەوڵەتی توركیا دا ماوەتەوە (الحموي،1977: 1/266 ؛ القزويني، د.ت: 150).

[2] كەربوغا: قەوام دەولە ئەبوسەعید كەربوغایە، یەكێك بوو لە مەمالیكەكانی سوڵتان مەلیكشای كوری ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی، دواتر بوو بە ئەتابەگی موسڵ، ڕۆڵێكی باڵای لە بەرەنگاربونەوەی خاچیەكان بینیوە (ابن الأثير،1987: 9/4-24).

[3] نەسری كوڕی سەیاری كوڕی شەبسی عوقەیلییە، لە كیسوم لە باكوری حەلەب دەسەڵاتداربوو، وەك سەركردەیەكی سەربازی ڕاپەڕی توانی جگە لە كیسوم دەست بە سەر ناوچەیەكی بەرفروان دابگرێت بە تایبەتیش لە جەزیرە، ساڵی (209ك/824ز) (عەبدوڵای كوڕی تاهیر) لە كیسوم گەمارۆیدا، دواتر بە ناچاری خۆی بەدەستەوە دا (الطبری، 1976: 8/598-599؛ ابن الأثير،2003: 5/412-413)

[1] جالڕان: یەكێكە لە میرە فەڕەنجیەكان، كوڕی خوشكی بەلەدوینی دووەمە، ساڵی (517ك/1123ز) لە ئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی سوپای خاچی بەرامبەر سوپای میر بەلكی ئەرتەقی تێكشكان و لەگەڵ هەریەك لە بەلەدوین و جوسلین بەدیل گیران لە قەڵای حەسەن زیاد زیندانی كران (متى الرهاوي،2011: 228؛ ابن العديم،1996: 285).

[2] ڕەهاوی نادیار لە دانانی ئەم ساڵە هەڵەی كردوە، چونكە سەرچاوە ئیسلامییەكان ئاماژە بەوەدەكەن كە مەودود خاوەنی موسڵ ساڵی (507ك/1113ز) ڕۆژی هەینی لە یەكێك لە مزگەوتەكانی شاری دیمەشق لایەن ئیسماعیلییەكان كوژراوە (ابن الاثير،2003: 9/149-150).

کوژرانی بوهیمۆندی بچوك[3] لە سەردەستی ئەیلغازی دانشمند، وتویەتی : " کاتێك بۆهیمۆند فەرمانڕەوای ئەنتاکیە لە وڵاتەکەی بە دەستی ئەیلغازی کوژرا، وەك لە پێشوتردا باسمان کرد" (الرهاوي المجهول،1986: 134/2)، ئەو کوژرانی بۆهیمۆندی لە ڕوداوەکانی ساڵی (525ك/1130ز) باسکردوە (الرهاوي المجهول،1986: 127/2).

ئەم شێوازی بیرهێنانەوەیە لە لایەن مێژوونوسەکەمان دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕەهاوی نادیار ئاگاداری ئەو هەواڵانە بووە کە لە پێشوتردا باسی کردون، بەڵگەی دیار و ئاشکران لە تۆمارکردنی کۆمەڵێك ڕوداو بەسەر یەکەوە بە بێ دابڕان، بۆیە ژمارەیەك لە توێژەران ڕەهاوی نادیار بە مێژوونوسێکی بە ئاگا و بابەتیانە پێناس دەکەن (Moosa,2003:53). سەرەڕای ئەوەش لە تۆمارکردنی هەندێك ڕوداو ساڵ و شوێن هەڵەی کردووە.

لەگەڵ ئەوەی ڕەهاوی نادیار ئاگاداری ئەو هەواڵانە بوە، کە نوسیویەتی وەك لە سەرەوە باسمانکرد ،بەڵام پەرتوکەکەی بەدەرنییە لە ڕوداوی دووبارە، واتە ناوبراو بابەتی دووبارە کردوەتەوە، لەوانەش ناوبرا دووجار باسی هەڵمەتی دووەمی خاچی کردوە، جاری یەکەم ئاماژە بە هێرشی پاشای ئەڵمان و فەرەنسا دەکات بۆسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ساڵی (538ك/1144ز)[1] (الرهاوي المجهول،1986: 142/2)، کەچی لە لاپەڕەکانی دواتر هەمان بابەتی دووبارە کردوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە ڕەهاوی ساڵی (542ك/1147ز) وەك دەستپێکی هەڵمەتەکە دیاری کردووە[2] (الرهاوي المجهول،1986: 174/2).

یەکێکیتر لەو ڕوداوە مێژووییانەی ڕەهاوی نادیار دووجار ئاماژەی بۆ کردوە، گەمارۆدانی شاری دیمەشقە لە لایەن خاچیەکانەوە لە ماوەی هەڵمەتی دووەمی خاچی، لە نێوان هەردوو گێڕانەوەکە جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت (الرهاوي المجهول،1986: 143،175/2).

هۆکاری دووبارە بونەوەی ئەم ڕوداوانە لە لایەن ڕەهاوی نادیارەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- پێدەچێت ڕەهاوی نادیار بۆ ماوەیەکی کاتی دەستی لە نوسینی مێژووەکەی هەڵگرتبێ، ئەمەش بوبێتە هۆکاری بێ ئاگای ناوبراو لەو ڕوداوانەی لە پێشوتردا نوسیویەتی، جارێکی تر ئاماژەی پێکردۆتەوە.

ب- ڕەنگە بوونی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز لە بەردەستی مێژوونوسەکەمان هۆکارێك بێت بۆ دووبارە بونەوەی ڕوداوی مێژوویی هاوشێوە لە کتێبەکەی، لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازی لە گێڕانەوەکان، وەك لە ساڵی ڕوداوەکان بەدیاردەکەوێت.

ج- دەشێ گرینگی ڕوداوەکە وایکردبێت، تاوەکو جەختی لەسەربکاتەوە، یاخود دەرئەنجامەکانی ئەو ڕووداوانە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر جێهێشتبێت.

**3- زیادەڕۆیکردن:**

سروشتی مرۆڤ دەخوازێ زیادەرۆی بکات لە گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەکان بەتایبەتی ئەو ڕوداوانەی خۆی بینەریان بووە، بۆیە ئەو باسە مێژووییانەی لە سەدەکانی ڕابردو ماوەتەوە خاڵی نییە لە زیادەڕۆیی ( بیضون،1995: 41). بەشێك لەو ڕوداوە مێژووییانەی ڕەهاوی نادیار ئاماژەیان پێدەکات، زیادەڕۆیکردن تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی ئەو باسانەی پەیوەستن بە مەسیحیەکانەوە، لە ڕاستیدا ئەمە شتێکی ئاساییە، چونکە ئەو خۆی پیاوێکی ئاینی مەسیحی بوە، بۆیە دەشێ لە تۆمارکردنی کتێبەکەی هەست و سۆزی ئاینی و ڕەگەزیی کاری کردبێتە سەرناوەرۆکی باسەکانی.

ناوبراو ئاماژە بە هێرشی جگەرمش[1] دەکات بۆسەر شاری ڕوها، ئەو کوشتارەی ئەنجامیداوە، بەم شێوەیە دەری دەبڕێت و دەڵێت:" تورکە پیادەکان بە شوێنیان داچون بێبەزەییانە دەیان کوشتن، لە ماوەی یەك کاتژمێر کەندڕەکە پڕبو لە کوژراو، وەك ڕوبار خوێنی لێدەڕۆیشت..." (الرهاوي المجهول ،1986: 87/2). ڕەنگە ڕەهاوی نادیار بەو دەربڕینەی لێرەدا خستۆتیەڕوو بیەوێ گوزارشت لە تاوان و کارەساتێك بکات، کە بەسەر ناوچەکەیاندا هاتووە، بۆیە بەمجۆرە ڕوداوەکەی گێڕاوەتەوە.

---

[3] بۆهیمۆندی دووەمی کوڕی بۆهیمۆندی گەورەی دامەزرێنەری میرنشینی ئەنتاکیایە، کاتێك باوکی مرد تەمەنی بچوك بوو، تا تەمەنی هەژدەساڵان لەگەڵ دایکی لە ئیتاڵیا ژیانی بەسەربرد، دواتر لە ساڵی (520ك/1126ز) گەڕایەوە لە لایەن بەلەدوینی سەرپەرشتیاری ئەنتاکیەوە پێشوازی لێکرا، هەمیشە هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵاتی فراوانی دەدا، لە ساڵی (525ك/1130ز) سەرکردایەتی سوپایەکی بچوکی کرد بۆ دەست گرتن بەسەر عەین زەربە، لە پڕ ڕوبەڕوی سوپای

[1] لە کۆتالی ساڵی (542ك/1147ز) و سەرەتای ساڵی (543ك/1148ز) بەسەرکردایەتی کۆنرادی سێیەم پاشای ئەڵمان و لویسی حەوتەم پاشای فەرەنسا ئەم هەڵمەتە دەستی پێکرد، کە بە هەڵمەتی دووەمی خاچی دەناسرێت، بە ئامانجی گێڕانەوەی شاری ڕوها، بەڵام خاچیەکان دوچاری شکستێکی گەورەهاتن، بە بێ هیچ دەستکەوتێك گەڕانەوە (ابن القلانسي،1908: 297-300 ؛ بروکتور،2013: 125-131).

[2] بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە نەبوونی هەڵەی چاپ یان هەڵەی وەرگێر لە تۆمارکردنی هەردووساڵەکە گەڕاینەوە بۆ چاپی سریانی ڕەهاوی نادیار (0n;b zb btkm : 115-116، 148).

[1] ناوی شەمس دەولە جگەرمشە، یەکێك بوو لەو میرە تورکیانەی دوای مردنی کەربوغا لە ساڵی (495ك/1101ز) توانی دەست بە سەر موسڵ و دەوروبەری دابگرێت، لە ڕوبەڕوبونەوەی شاڵاوی خاچیەکان ڕۆڵێکی گەورەی بینی، ساڵی (500ك/1106ز) سوپاکەی بەرامبەر بە سوپای جاولی سەقاو تێکشکاو بە دیل گیرا دواتر کوژرا (ابن الاثير،1987: 9/54-103).

لە بارەی هێرشی میر بەلك لە گێرانەوەی ڕوداوەكانی ساڵی(508ك/1114ز) بۆ سەرناوچەكانی كركر[2] كە میخایلی كوڕی قوستەنتین فەرمانڕەوای دەكرد، بەردەوام كاری دزی و ڕێگری لە ناوچەكە دەكرد، دوای ئەوەی میر بەلك چەند جارێك داوای لێكرد دەست لە تالانكاری هەڵگرێت، بەڵام ئەو لەم كارەی بەردەوام بوو دواجار ناچار بوو هێرش بكاتە سەری، ڕەهاوی نادیار دەربارەی چۆنیەتی پەرینەوەی سوپای میر بەلك بەمشێوەیە دەدوێت و دەڵێت: " لە مانگی كانونی دووەم ژمارەیەكی زۆری لە توركمانەكان كۆكردەوە بۆ تێپەربون بە وڵاتی كركری ئاوەدان، ویستی خودای لەگەڵ بوو هاوكاری كرد ڕوباری فورات لە بەردەمی بەستای خۆی و هێزە توركمانیەكەی لە ماوەی یەك كاتژمێر پەڕینەوە" (الرهاوي المجهول،1986: 102/2).

لە ڕوداوەكانی ساڵی (539ك/1144ز) ئاماژە بە گەمارۆدانی قەڵای بیرتا[1] دەكات لە لایەن عیمادەدین زەنگی، دواتر تێكشكاندنی لە لایەن دانیشتوانی قەڵاكەوە دەكات و وەك دەڵێت: " شەریان لە دژی هەڵگیرساند، لە ڕۆژی پێنج شەممەی فصح تا ئێوارەی قیامەی یەك شەممە بە بێ وەستانی شەر بۆ یەك كاتژمێر، شورای دەرەوە هەموو تێكچوو، هێرشێكی تریان كرد بەسەر شوراكە سەركەوتن، دەستیان بەسەر قەڵای دەرەوە گرت و هاوارێكی بێ وێنە بەرز بووەوە زەویەكەی شەق كرد، دانیشتوانی قەڵاكە ورەیان بەرزبووەوە شمشێریان لە توركەكان هەڵكێشا دوریان خستنەوە و توركەكان هەڵاتن" (الرهاوي المجهول،1986: 153/2)، وەك بە دیاردەكەوێت ڕەهاوی نادیار جۆرێك لە لێكدانەوەی ئاینی بۆ ڕوداوەكان كردوە و تێكەڵ بە ئەفسانەی كردوون.

**4- دابڕان:**

بە خوێندنەوەی ئەو ماوە مێژووییەی ڕەهاوی نادیار تۆماری كردوە، هەست بە بونی دابڕانی گەورە دەكرێ بە تایبەتی لە نوسینی مێژووی ئیسلام، سەرباری ئەوەی ناوبراو تەواو پابەندی ڕێبازی ساڵانە نەبوە، وەك لە پێشوتردا باسمان كرد، بەڵام نوسینەكانی و تۆماركردنی ڕوداوە مێژووییەكان شێوەی زنجیرەیی دەدەنە بەر دیدی خوێنەر،بەڵام ئەم وێنە زنجیرەییە بەردەوام نابێت بە جۆرێك دابڕانی مێژوویی گەورەی تێدا بەدیدەكرێت، زۆر بە ڕونی ئەم دابڕانە هەستی پێدەكرێت.

ڕەهاوی نادیار، بە شێوەیەكی كورت باس لە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوی توركەكان دەكات بەسەر خیلافەتی عەباسی لە ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفە متەوەكل (232-247ك/847-861ز) (الرهاوي المجهول،1986: 56/2). دوای ئەم باسە مێژووییە، لە پەڕی دواتر مێژوونوسەكەمان باس لە شەڕو ململانێ نێوان حەمدانیەكان[2] و ڕۆمانۆسی دووەم دەكات، لە حەلەب لە ماوەی ساڵی (350ك/961ز)، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەو پتر لە (100) ساڵ لە ڕوداوەكانی میژووی ئیسلامی باس نەكردوە، كە خۆی دەبینێتەوە لە دەسەڵاتی باڵای سەركردە توركەكان بە سەر خیلافەتی ئیسلامی و هاتن و چەسپانی دەسەڵاتی بوەیهیەكان[1] بەسەر خیلافەتی عەباسی (الرهاوي المجهول،1986: 2 /57)، جارێكی تر جۆرێك لە پچرانی گەورە لە نوسینەكانی بەدی دەكرێت، چونكە دوای ئەم ساڵەی ئاماژەمان بۆكرد، ناوبراو باس لە ڕوداوی ساڵەكانی دواتر ناكات، بەڵكو لە پڕ دێتە سەر باسكردنی ڕوداوەكانی ساڵی (401ك/1010ز) كە تێیدا ئاماژە بە دەست بەسەر داگرتنی میسر و وڵاتی شام لە لایەن حاكم بأمرلله[2]وە دەكات (الرهاوي المجهول،1986: 58/2-59)، واتە جارێكی تر ڕەهاوی نادیار نزیك بە (50) ساڵ لە ڕوداوەكانی مێژووی ئیسلامی تۆمار نەكردوە، ڕەنگە ئەمە بە ویستی ئەو نەبوبێت، بەڵكو پێدەچێت ئەم دابڕانە گەورەیە لە كتێبەكەی بە هۆی نەبونی سەرچاوەی پێویست بوبێت بۆ ئەم ماوە مێژووییە، یاخود دەگونجێ بڵێین ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییانەی ناوبراو بەكاری هێناوە باسی ئەو ماوە مێژووییانەیان نەكردوە، یان ڕەهاوی نادیار بۆماوەیەكی دیاریكراو دەستی لە تۆماركردنی كتێبەكەی هەڵگرتوە، لە كاتی دەستپێكردنی نوسینەكەی ئەم ماوە مێژووییانەی لە بیرچوە.

جگە لەو شێوازە دابڕانە مێژووییەی باسمانكرد، هەندێجار لە باسكردنی ڕوداوێكی مێژوویی لای ڕەهاوی نادیار دابڕان بەدیدەكرێت، لە درێژەی گێڕانەوەكەی ناوی شوێن یاخود كەسایەتی نەهێناوە، واتە بە بۆشای جێی هێشتوە، بەمەش ڕوداوەكە بەشێوەیەكی ناتەواو دێتە بەرچاو، وەك لە باسكردنی ڕوداوەكانی ساڵی (583ك/1187ز) بەدیار دەكەوێت، كە تیایدا باس لە شەڕی

[2] كركر: ناوچەیەكە دەكەوێتە نێوان مەلاتیە و ئامەد (یاقوت الحموي،1977: 453/4).

[1] مەبەست لێی قەڵای بیرەیە، قەڵایەكی بەهێزە لە هەرێمی جەزیرە، دەكەوێتە لێواری ڕوباری فورات (یاقوت الحموي،1977: 1/ 526 ؛ ابن الاثیر، د.ت: 70 ).

[2] حەمدانیەكان: تیرەیەكن لە تیرەكانی هۆزی تەغلەب، ناوەكەشیان بۆ باپیرە گەورەیان دەگەڕێتەوە، كە ناوی حەمدان بووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (293/905ز) تا ساڵی (392ك/1001ز) فەرمانڕەوای موسڵ و حەلەب و زۆر ناوچەی تریان لە هەرێمی جەزیرە كردووە (السمعاني،1980: 214/4 ؛ عدوان،1991: 73-82).

[1] بوەیهییەكان: ڕەچەڵەكیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەبو شوجاع كوڕی بوەیهی هەر بەم ناوەش ناونراون، كە یەكێك بووە لە سەركردە بەناوبانگەكانی ناوچەی دەیلەمی پشت دەریای قەزوین، ئەبو شوجاع سێ كوڕی هەبوو ئەوانیش (حەسەن، عەلی، ئەحمەد) توانیان بە ماوەیەكی كەم دەست بەسەر ناوچەیەكی فراوان لە ڕۆژهەڵات دابگرن، تەنانەت توانیان دەست بەسەر بەغدای پایتەختی خیلافەتیشدا بگرن لە ساڵی (334ك/946ز) تا ساڵی (447ك/1055ز) فەرمانڕەواییان كرد (مسكویه، د.ت: 81/2-95؛ ابن الطقطقی، د.ت: 277؛ ابوالفداء،1325ك:78/2-79 ).

[2] حاكم بأمرلله، نازناوی مەنسورە، ساڵی (375ك/985ز) لە میسر لە دایكبوە، لە دوای مردنی عەزیز بیلای باوكی لە ساڵی (386ك/996ز) شوێنی گرتەوە، دوای بیستوپێنج ساڵ مانەوەی لە پایەی خەلافەتی فاتمی لە ساڵی (411ك/1020ز) كوژرا (المقریزي،1996: 114/2-116؛ تامر،1982: 17-18).

نێوان (سەلاحەدینی ئەیوبی) و (فەرنجەکان) دەکات، ئاماژە بە چۆنیەتی وەستانی هەردو سوپاکە دەکات بەرامبەر بە یەك بەڵام ناوی شوێنی شەڕەکەی نەهێناوە، وەك دەڵێت: " لە دوو ڕیز بەرامبەر بە یەك وەستان لە تەختایەك پێی دەوترا...[3] " (الرهاوي المجهول،1986: 2/227-228)، هەروەها باس لە هێرشی مەلیك كامل دەكات بۆ سەر ناوچەكانی كەبەدۆكیا لە ماوەی ساڵی (632ك/1234ز) ئەو نەهامەتیانە دەگێڕێتەوە كە بەسەر سوپاكەی داهاتوە، چۆن بە هۆی برسیەتی ناچار بوە پەلاماری ناوچەی جیا جیا بدات، لەم ڕووەوە دەڵێت: " دوای ماوەیەك مەلیك بەرەو قەڵای سیبابەرك[1] هات لە سەر ڕوبارێك كە پێی دەوترا...[2] " (الرهاوي المجهول،1986: 271/2).

**5- ڕۆڵی خودا لە نوسینەکانی ڕەهاوی نادیار :**

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ مێژوو لە لای بەشێكی زۆر لە مێژوونوسان باوبوو، یاخود پەیڕەو دەكرا، بە تایبەتی لە قۆناغی سەدەكانی ناوەڕاست (یزبك،1990: 39)، بۆیە وەك چۆن مێژوونوسانی ئیسلام ویستی خودایان بە سەر تەواوی پرۆسەی مێژوو دەسەپاند، ڕوانینی سریانیەكانیش بۆ مێژوو بە هەمان شێوەبوو (ربنسون،2014: 378)، هەڵبەت نابێ ئەوەش لە یاد بكەین، كە بەشێكی زۆر لەو كەسانەی مێژووی سریانییەكانیان تۆماردەكرد لە چینی پیاوانی ئاینی بون وەك چۆن لە پێشوتردا باسمان كرد، بۆیە بە شێوەیەكی گشتی نوسراوە مێژووییە سریانییەكان وێنایەكی ئاینیانە دەبەخشن بە ئاین بۆیە كراون (دوفال،1992: 229).

ئەم وێنایە، بایەخ بە مێژوو دەدات، وەك شانۆیەك كە خودا ڕاپەڕێنەریەتی چۆنی خۆی بیەوێت، هیچ شتێك لە دەرەوەی یاساكانی خودا نییە، پلانی تەواوی بۆ دارشتوە و بە ویستی خودا كارەكان كۆتاییان دێت (یزبك،1990: 39؛ الشرقاوی، د.ت: 191/1)، واتە تەواوی كردارەكانی مێژوو لە لایەن خوداوە بەڕێوە دەبردرێت، مرۆڤ هیچ ڕۆڵێكی لە ڕوداوە جۆربەجۆرەكانی مێژوو نابێت.

لە بەشێكی زۆر لە ڕوداو و گێڕانەوەكانی ڕەهاوی نادیار ئەم سیما ئاینیە ڕۆڵی خودا بە شێوەیەكی ڕون و ئاشكرا بەدیار دەكەوێت، بە جۆرێك شكست و سەركەوتن و تەواوی ڕوداوەكانی مێژوو بۆ ویستی خودا دەگەڕێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەش هۆكارەكانی پەیوەست بە ڕوداوەكان دەخاتە ڕوو، ناو براو هەرچی دەسەڵاتی مێژووییە لە مرۆڤی دادەماڵێ، خودا دەكات بە كارەكتەری سەرەكی، لەم بارەیەوە دەڵێت: " ئەوە خودایە سەركەوتن و دەسەڵات و گەورەیی و ڕزگاریی بە پاشاكان دەبەخشێ" (الرهاوی المجهول،1986: 135/2)، بەم جۆرە مێژوونوسەكەمان مرۆڤ بێچارە دەكات لە هەمبەر ویستی خواوەند.

ناوبراو لە باسكردنی گەمارۆدانی شاری ڕوها لە لایەن (كەربوغا) ئاماژە بەو تەنگ و چەڵەمەیە دەكات كە دوچاری فرەنجەكان هات، ئەم بارودۆخە ناهەموارە فرەنجەكانی ناچاركرد كە خۆیان ڕزگار بكەن، وەك دەڵێت: " فەرەنجەكان بیریان كردەوە، كە مردن باشترە، لەوەی وەك ژن خۆیان بدەن بەدەستەوە، بۆیە هێمای خاچیان بە سەری نێزەی شمشێرەكانیانەوە هەڵواسی چونە دەرەوە خودا سەركەوتنی پێبەخشین. توركەكان بەرامبەریان شكان و هەڵاتن" (الرهاوي المجهول، 1986: 78/2). لە ڕوداوەكانی ساڵی (500ك/1106ز) باسی گەمارۆدانی شاری ڕوها دەكات لە لایەن (مەودود) سەركردەی دیاری توركی، ئاماژە بە كوشتنی ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی شارەكە دەكات كە لەگەڵ فرەنجەكان چونە دەرەوەی شارەكە، هۆكاری ئەم كوشتارەش كە ڕوبەڕوی خەڵكی شارەكە بۆوە بۆ تورەبونی خودا دەگەڕێنێتەوە، وەك دەڵێت: " لەو كاتە خودا لەم گەلە تورە بوو، بەتایبەتی ڕەهاوییەكان كە بەشێكی زۆری خەڵكەكە بون، توركەكان وەك قەساب كەوتنە ناویان بێبەزەیانە دەیان كوشتن" (الرهاوي المجهول،1986: 95/2).

ڕەهاوی نادیار بەیەكدادانی سەربازی نێوان ڕۆجەر[1] فەرمانڕەوای ئەنتاكیە و ئەیلغازی ئەرتەقی[2] بەم شێوەیە باس دەكات، دەڵێت:" خودا لە فرەنجەكان تورەبوو، ڕووی لە ڕۆجەری سەرەڕۆی ناودار وەرگێڕا، بەو هۆیەوە لەم شەڕە لە ناوچوو، لە ناو كوژراوەكان و لە ناو دیلەكانیش نەدۆزرایەوە" (الرهاوي المجهول،2:104/1986)، هاوكات شاڵاوی مەغۆلەكان و هێرشیان بۆ سەر

---

[3] حەتین: ناوچەیەکە لە نێوان تەبەریە و عەکا، لەم ناوچەیە شەڕێکی گەورە لە نێوان سوپای سەلاحەدینی ئەیوبی و خاچیەکان ڕویدا، کە تێیدا سوپای ئەیوبیەکان توانیان خاچیەکان دوچاری شکستێکی گەورە بکەن و سوپاکەیان لە ناو ببەن، دواتریش شاری قودسیان لە ژێر چنگیان دەرهێنا (یاقوت الحموي،1977: 274/2 ؛ ابن شداد،1964: 126-131؛ یوسف ،1981: 276/1-277).

[1] مەبەست لێی قەڵای خرتبردە، هەروەها پێشی دەوترێت قەڵای زیاد، قەڵایەکی بەهێزە دەکەوێتە نێوان ئامەد و مەلاتیە (یاقوت الحموي،1977: 355/2؛ ابن العدیم ،1996: 483-484).

[2] سەرچاوە ئیسلامیەکان ئەم شوێنی ڕوداوەیان لە نزیك ڕوباری شین (نهر الأزرق) گێڕاوەتەوە، کە ڕوبارێکە لە وڵاتی ڕۆم و لای حەلەب (یاقوت الحموي،1977: 317/5؛ ابن العدیم ،1996: 383).

[1] رۆجەر: ڕۆجیە دی سالرنوشی پێدەگوترێت، ساڵی (506ك/1112ز) لە دوای مردنی تانکرید بو بە فەرمانڕەوای ئەنتاکیە، ساڵی (509ك/1115ز) توانی لە باشوری فەلەستین بەسەر موسڵمانان سەرکەوێت، بەڵام ئەو سەرکەتنانەی بەردەوام نەبوو لە ساڵی (513ك/1119ز) بەرامبەر بە سوپای ئەیلغازی ئەرتەقی لە نێوان ئەنتاکیە و حەلەب سوپاکەی تێکشکا وخۆشی لەم شەڕەدا کوژرا ( اسامە بن منقذ، د.ت:119؛ غروسیە،2014: 53).

[2] ئەیلغازی کوڕی ئەرتەق نەجمەدینە، یەکێکە لە میرە دیارەکانی ئەرتەقی فەرمانڕەوای ماردین بو، زۆر بە توندی دژ بە خاچیەکان دەوەستایەوە، دوای دروست بونی مەترسی بۆ سەر حەلەب لە لایەن رۆجەری ئەنتاکی بە هاوکاری تەختەکین ئەتابەگی دیمەشق ساڵی (513ك/1119ز) توانی لە تەل عەفرین لە نزیك حەلەب بەسەر سوپای ڕۆجەر سەرکەوێت، لە ساڵی (516ك/1123ز) لە میافارقین کۆچی دوای کرد (ابن الاثیر،2003: 185/9-217،186؛ ابن العدیم ،1996: 269-273).

ناوچەكان  بە هۆكارێكی خودای لە قەڵەم دەدات، لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەمە شتێكی سەرسوڕهێنەرە، چۆن ئەم نەتەوانە لە دەریا بۆ دەریا لێیان تۆقیبون، ترسیان خستبوە دڵی پاشاكان، یەك كەس بەرەنگاری نەكردن، سوپاكەشیان زیاتر نەبوو لە سوپای گشت ئەو دەسەڵاتدارانەی كە دەچونە ناوچەكانیان؟ ئەوە تەگبیری خودابوو ترسیان خستە گشت جیهان" (الرهاوي المجهول،1986: 267/2).

**6- بە سەلیقەنەبون و هەڵەی نوسەر لە یاداشتكردنی زانیارییەكان:**

ڕەهاوی نادیار لە بەیان كردنی بەشێك لە زانیارییەكان، لە ساڵی ڕوداوەكان، تەنانەت لە ناوەرۆكی بابەتەكانیش هەڵەی كردوە، بۆ نمونە ساڵی (197ك/812ز)ی بە ساڵی كوژرانی خەلیفە ئەمین داناوە (الرهاوي المجهول،1986: 23/2)، بەڵام لە ڕاستیدا بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییەكان خەلیفە ئەمین لە ساڵی (198ك/813ز) كوژراوە (الطبری،1976: 478/8). هاوكات مێژوونوسەكەمان هەڵەی كردوە لە دەست نیشان كردنی ساڵی دەستپێكی هەڵمەتی یەكەمی خاچی بۆ سەر ڕۆژهەڵات شێوەیەك بەراوردی نێوان هەرسێ ساڵی یۆنانی و زاینی و كۆچی كردوە، وەك دەڵێت: " لە ساڵی 1405 كە دەكاتە 1098ز و 472ك..." وەك ساڵی هەڵمەتەكە دیاریكردوە ( الرهاوي المجهول، 1986: 72/2-73) بەڵام سەرچاوەكانی نزیك لەو ڕوداوە ساڵی (490ك/1096ز) وەك ساڵی هێرشی یەكەمی خاچی هەژماردەكەن (ابن قلانسي،1908: 133-134).

جگە لەوەی ناوبراو هەڵەی كردوە لە دانانی ساڵی ڕوداوەكان، دەبینین لە تۆماركردنی ناوەرۆكی بەشێك لە ڕوداوە مێژووییەكان وردنیە، یاخود بە هەڵە زانیارییە مێژووییەكانی تۆماركردوە، ڕەهاوی نادیار، باس لە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان جەلالەدین مونكەبەرتی[1] و مەغۆلەكان دەكات، تێیدا هۆكاری هەڵگیرسان و هێرشی مەغۆلەكان بۆسەر جەلالەدین خوارزمی[2] بۆ بونی خوێن لە نێوانیان دەگەڕێنێتەوە، وەك دەڵێت: " خوێن لە نێوانیاندا هەبوو، چونكە پاشای فارسەكان باوكی پاشای توركەكانی كوشتبوو، هەروەها پاشای توركەكان برای پاشای فارسەكانی كوشت بوو، وەك لە پێشتر باسمان كرد[3]" (الرهاوي المجهول،1986: 265/2)، بەڵام سەرچاوە ئیسلامییەكانی نزیك لەم ڕوداوە، هۆكاری سەرهەڵدانی كێشە و شەڕ و ململانێی نێوان هەردولا بۆ كوشتنی ئەو كاروانچییە بازرگانانە دەگەڕێننەوە، كە ژمارەیان نزیك بە چوارسەد و پەنجا بۆ پێنج سەد كەس دەبوو، كەل و پەلی گرانبەهایان لەگەڵ خۆیان بردبوو، بە مەبەستی بازرگانی لە لایەن مەغۆلەكانەوە بۆ وڵاتی خوارزم نێردرابون، بەڵام دوای گەیشتنیان بە شاری ئەترار[4] لە لایەن یەنال خان[5] فەرمانڕەوای ئەم شارە بە بیانوی ئەوەی كە گوایە ئەمانە سیخوڕن هێرشی كردە سەر كاروانەكە و هەموویانی كوشت، ئەمەش بووە هۆی توڕەبونی مەغۆلەكان لە ساڵی (617ك/1220ز) هێرشیان كردە سەر وڵاتی خوارزم (النسوی،1953: 85-87؛ حمدی، د.ت:84-85)، كەواتە ئەگەر كێشەی خوێنیش لە نێوانیان هەبوبێت، لە نێوان هەردوو بنەماڵە نەبوە، لە لایەكیتر ڕەهاوی نادیار ڕەچەڵەكی جەلالەدین خوارزم شای بە فارس لە قەڵەم داوە، كەچی تەواوی سەرچاوە ئیسلامیەكان ڕەچەڵەكی خوارزمیەكان بە تورك دادەنێن (ابن الاثیر،2003: 406/10-407؛ حمدی، د.ت:23-24)، ڕەنگە دیاریكردنی ڕەگەزی فارس بۆ جەلالەدین خوارزم شا و سوپاكەی لە لایەن مێژوونوسەكەمان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە دەسەلاتی خوارزم  زۆربەی ناوچەكانی هەرێمی فارسی دەگرتەوە، هەڵبەت زۆربەی مێژوونوسە ناموسڵمانەكان جیاوازی لە نێوان نەتەوە جیاوازەكانی دەوڵەتی ئیسلامی ناكەن، بۆیە لە گێڕانەوەكانیان جۆرێك لە تێكەڵاوی بە نوسینەكانیانەوە دیارە بە تایبەتی لە باسكردنی كورد و تورك و فارس.

ڕەهاوی نادیار لە چوارچێوەی باسكردنی هێرشی مەغۆل بۆ سەر ناوچەكانی وڵاتی شام و جەزیرە لە ساڵی (630ك/1232ز) بەم شێوەیە ئاماژە بە هێرشەكەیان دەكات و دەڵێت: " ساڵێك دوای تێكشكانی فارسەكان، توركەكان دەرچون و بۆ جاری دووەم هاتن، ئەوانە خودایان نەدەناسی پابەند نەبون بە ڕۆژ و نوێژكردن، بەبێ پاشا و سەركردە هاتن..." (الرهاوي المجهول،1986: 266/2)، وەك بە دیاردەكەوێت ڕەهاوی باس لە نەبونی سەركردەی سوپا و پاشا لە نێو مەغۆلەكان دەكات، بەڵام ناگونجێ هێرشێكی وا بەربڵاو وێرانكەر بێ سەركردە و پاشا بێ، لە كاتێكدا مەغۆلەكان توانیان بە ماوەیەكی كەم  بەشی زۆری ناوچەكانی دەسەڵاتی ئیسلامی

---

[1] جەلالەدین مونكەبەرتی كوری عەلائەدین مەحەمەد خوارزم شای كوری عەلائەدین تكشە، لە دوای مردنی باوكی لە ساڵی (617ك/1220ز) شوێنی گرتەوە و بو بە سوڵتانی خوارزمی، لە سەرەتادا توانی تاڕادەیەك ڕوبەڕوی مەغۆلەكان ببێتەوە و سوپاكەی بەهێز بكاتەوە، بەڵام سەرئەنجام لە ساڵی(628ك/1230ز) سوپاكەی بەرامبەر بە مەغۆلەكان تێكشكا وخۆشی ڕایكرد بۆ ناوچەی ئامەد دواتر لە لایەن كوردێكەوە كوژرا و كۆتای بە دەسەڵاتی خوارزمیەكان هات (النسوي،1953: 15-25؛ حمدی،د.ت:152).

[2] ڕەهاوی نادیار لە گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەكان هیچ ئاماژەیەكی بە ناوی خوارزمیەكان نەكردووە.

[3] ڕەهاوی نادیار، بەهیچ شێوەیەك لە بە یانكردنی ڕوداوەكانی پێشتر ئاماژەی بۆ ئەم هەواڵە نەكردووە.

[4] ئەترار: شارێكە دەكەوێتە سەر لێواری ڕوباری سەیحون، بە دەروازەی وڵاتی ئەودیوی ڕوبار دادەنرێت، یەكەم شاری وڵاتی خوارزم بوو (منصور،1989: 351).

[5] خاڵی محەمەد خوارزم شا و فەرمانڕەوای شاری ئەترار بوو، دوای كوشتنی بازرگانە مەغۆلەكان جەنگیزخانی خانی مەغۆلەكان داوای لە خوارزم شا كرد بیداتە دەستیان، بەڵام خوارزم شا بەمە ڕازی نەبوو، بۆیە مەغۆلەكان هێرشیان كردە سەر شاری ئەترار لە ساڵی (616ك/1219ز) بەرامبەر بە سوپای مەغۆلەكان شكستی خوارد و بە دیل گیرا دواتر كوژرا (السیوطي،2003: 367 ؛ الدیاربكری، د.ت:368/2؛ حمدی، د.ت:139).

داگیربکەن، تەنانەت ئەم سوپایە لە ساڵی (656ك/1258ز) کۆتایی بە خیلافەتی عەباسی هێنا، ئەم هێزە بە سەرپەرشتی جەنگیزخان سەرکردەی مەغۆلەکان بوو، تەشەنەی کرد و دەستی کرد بە هێرش کردنە سەرناوچەکانی دەوروبەری، دوای مردنی لە ساڵی (625ك/1227ز) کوڕەکانی شوێنیان گرتەوە (ابن العبري،2005: 272)، ئەگەرچی مێژوونوسەکەمان هاوچەرخی هێرشی مەغۆلەکان بووە بۆ سەر ئەو ناوچانەی خۆی تێیدا ژیاوە، ئەگەرچی مەغۆلەکان ڕوداوگەلێکی مەزنیان لەناوچەکە بەرپاکرد شایەنی بەدواداچون ونوسینی زیاترن، بەڵام وەك دەبینین زانیارییەکانی لە بارەی مەغۆلەکان و سەرکردەکانیان ورد نییە، پێدەچێت ئەو هەواڵانەی بۆمان گواستبێتەوە کە باس و خواسی ناو خەڵك بووە لە شوێنە گشتییەکان، ڕەنگە ترسی ناوبراو بە هۆی ئەو کوشتار و تاڵانییەی مەغۆلەکان بوبێ، کە دەستیان پێکردبوو لە کاتی هێرشەکانیان کاری لە دڵ و دەرونی ڕەهاوی کردبێ نەپرژابێتە سەر دیاریکردنی سەرکردەکانیان بەڵکو وەك هێزێکی بەڕبەڕی سەیری کردون، سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بە توند و تیژی مەغۆلەکان دەربڕیوە (الرهاوي المجهول،1986: 267/2).

**7- ئاستی ڕەخنەیی و شیکاریی لێکدانەوە بۆ زانیارییەکان:**

مێژوونوس جگە لە کۆکردنەوەی هەواڵە مێژووییەکان و تۆمارکردنیان لە دووتوێی پەرتوکەکەی، زۆر کات ڕەخنە و شیکرنەوەی لە گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەکان کردوە، کە بە بنەمایەکی گرینگ دادەنرێت و پێویستە لە تۆماری مێژوونوسەکە هەبێت، ئەویش لە پێناو زیاتر ڕونکردنەوە و نیشاندانی هۆکاری ڕوداوەکان و بۆ بەرچاوخستنی ڕاستی و ناڕاستی ئەو ڕوداوە مێژووییانەی، کە مێژوو نوسەکە تۆماری کردوە، لە لایەکی تر دەبنە بەڵگەی تەواو لەسەر ئەوەی کە ئایا مێژوونوسەکە تەنیا ڕوداوەکانی گواستوەتەوە، یاخود لە پاڵ گواستنەوەیان گرنگیشی داوە بە ناوەڕۆك و ڕاستی و دروستی هەواڵەکان و بیرو بۆچونی تایبەتی خۆشی لەمەڕ ئەو ڕوداوە مێژووییانە خستوەتە ڕوو.

ڕەهاوی نادیار، لە گێڕانەوەکانی هیچ ڕەخنەیەکی لەو دەقە مێژووییانە نەگرتوە کە لە سەرچاوە و بەڵگەنامەکان دەستی کەوتوە، واتە هیچ کام لە هەواڵە میژووییەکانی نە بەڕاست یان بە هەڵە لە قەڵەم نەداوە، تەنیا ڕوداوەکانی گواستوەتەوە، یەکجار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی گرتوە، یان بەتەواوی بریاری لە سەر هەڵە یاخود ڕاستی هەواڵەکە نەداوە، کە هاوسەردەمی خۆیەتی، وەك لەبارەی کوژرانی جەلالەدین مونکەبەرتی دەڵێت: " لە شاری ئامەد هەڵات، لە دوای ئەوە هەواڵی پچڕا کەس نەیزانی چی بەسەرهات. دەڵێن ئەو لە نزیك میافارقین[1]کوژراوە، هەندێکی تر دەڵێن ئەو گەیشتۆتە بابل[2]خودا دەزانێت چی بەسەرهاتوە" (الرهاوي المجهول،1986: 266/2)، لێرەدا بۆمان بەدیاردەکەوێت کە مێژوونوسەکەمان لە نێوان هەردوو بۆچونەکە هیچ کامیانی هەڵنەبژاردوە و بەڕاستی نەزانیون.

ڕەهاوی نادیار، هەرچەندە ڕەخنەی لە ناوەڕۆکی دەقە مێژووییەکان نەگرتوە، بەڵام ڕەخنەی لە لایەنە بەڤداربوەکانی ناو ڕوداوە مێژووییەکان گرتوە، ئەمەش لە بەشێك لە گێڕانەوەکانی بەرچاو دەکەوێ، لەم چوارچێوەیەش باس لە زۆرداری (ئەحمەدی کوڕی داود)[3]و بنەماڵەکەی دەکات، کە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیان بووە دەستی بەسەر زەوی و زاری خەڵکی ناوچەکان داگرتوە، تەنانەت کەس زاتی ئەوەی نەکردوە ڕوبەڕویان ببێتەوە، وەك دەڵێت:" ئەحمەدی کوڕی داود گەورەی بەنی ئەیاد کە ئەوانە زۆر خراپ بوون لەگەڵ مەسیحیەکان، کەس نەبوو گوێ لە هاواری ستەم لێکراوان بگرێت" (الرهاوي المجهول،1986: 54/2-55). لە چوارچێوەی گێڕانەوەی هێرشی جگەرمش بۆسەر شاری ڕوها لە ساڵی (497ك/1103ز)، ڕەخنە لە شێوازی بەرگریکردنی خەڵکی شارەکە دەگرێت لە پاڵ فرەنجەکان بۆ بەرگرتن لە هێرشی تورکەکان، وەك دەڵێت:" زۆرێك لە ڕەهاوییە نەزانەکان شمشێرو قەڵغانەکانیان هەڵگرت و بە ئازایانە بۆ شەڕی تورکەکان چونە دەرەوی شارەکە. کاتێك تورکەکان نارێکی ئەوانەی دەرەوەیان بینی، کە بە خێرای لێیان نزیك دەبنەوە، ڕێگەیان پێدان..." (الرهاوي المجهول،1986: 86/2). لە باسکردنی ڕوداوەکانی ساڵی (497ك/1103ز) ئاماژە بە دابەش بونی سەرکردە فرەنجیەکان دەکات، ڕەخنەیان لێدەگرێت وەك دەڵێت:" بەهۆی لوتبەرزی و خوی خراپیان ڕێکنەدەکەوتن" (الرهاوي المجهول،1986: 88/2).

---

[1] میافارقین: یەکێکە لە شارە گرینگەکانی هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە (الادريسى،2002: 663/1).

[2] سریانییەکان و ئارامیەکانیش لە پێشوتردا بە باشوری عێراقیان دەگوت بابل، زۆرجاریش ئەو ناوەیان بۆ تەواوی عێراق بەکارهێناوە (اليسوعي،1998: 92).

[3] ئەبوعەبدوڵا ئەحمەد کوڕی ئەبی داود فەرەج کوڕی جەریرە، لە هۆزی ئەیادییە، ساڵی (160ك/776ز) لە دایك بووە، سەرەتای دەرکەوتنی لە ڕێگای یەحیای کوڕی ئەکشەم بووە توانیویەتی بە هۆی ئەوەوە پەیوەندی بە خەلیفە مەئمون بکات کەسێکی دەست ڕۆیشتوبووە لە کۆشکی خەلیفە، دواتر بووە بە یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی گروپە موعتەزیلە بەرامبەر بە ئەهلی سونەو جەماعەت زۆر توندو تیژ بووە، ساڵی (226ك/840ز) لە لایەن خەلیفە موعتەسەم کراوە بە دادوەری دادوەران، لە سەردەمی هەریەك لە خەلیفە واسق و متەوکیلیش خاوەن دەسەڵات بووە، ساڵی (240ك/854ز) بە نەخۆشی کۆچی دوایکرد (اليعقوبی،2010: 2/ 336،328، 339؛ ابن خلكان، 1978 :81/1 -90).

بێجگە لە ڕەخنەی سیاسی و سەربازی، ڕەهاوی نادیار لە نوسینەكانیدا ڕەخنەی كۆمەڵایەتیش دەگرێت، لەم بارەیەوە دوای گرتنی شاری ڕوها لە لایەن عیمادەدین زەنگی لە ساڵی (541 ك /1146 ز) دەڵێت: " ژنانی ڕوها تێكەڵ بە توركەكان بوون بە خواستی خۆیان شویان پێكردن، ئەمەش ڕۆحی خودای زۆر توڕە كرد، ساڵێك تێپەر نەبوو بەسەر گرتنی شارەكە لە لایەن توركەكانەوە، زیاتر لە سەد ژن شویان بە توركەكان كرد..." (الرهاوي المجهول،1986: 158/2) وەك بەدیار دەكەوێت ڕەهاوی بە تەواوی دژی تێكەڵ بوونی ژنە هاو ئاینەكانیەتی لەگەڵ موسڵمانان، ئەمەش بە هۆكاری توڕەبونی خودا دادەنێت لە خەڵكی شارەكە، چونكە خۆیان بە گەلێكی باوەڕدار لەقەڵەم دەدات.

مێژوونوسەكەمان لە كاتی تۆماركردنی هەر ڕوداوێك سەرنج و ڕەخنەكانی تێكەڵ بە ڕوداوەكە كردوە، بۆیە كاتێك باس لە تێكشكانی بۆهیمۆندی بچوك دەكات لەسەر دەستی ئەیلغازی كوڕی دانشمند لە گێڕانەوەی ڕوداوەكانی ساڵی (525ك/1130ز) دەڵێت:" ئای لەو ڕێكەوتە سەیرە! چونكە دانشمند باوكی ئەیلغازی سەربازەكانی بۆهیمۆندی گەورەی[(1)] لەناوبرد و بە دیلی دەستگیری كرد، هەروەها ئەیلغازی كوڕی دانشمند سەربازەكانی بۆهیمۆندی بچوكی كوڕی ئەوی لە ناوبرد و كوشتی"[(2)] (الرهاوي المجهول، 1986: 127/2)، ئەم جۆرە باس و شێوازی ڕەخنە و سەرنجانە لە بەشێكی زۆر لە گێڕانەوەكانی بە دیاردەكەوێت (الرهاوي المجهول،1986: 147/2،142،96،94).

نووسەر، لە گێڕانەوەی هەواڵە مێژووییەكان هەوڵیداوە شرۆڤەیان بكات و هۆكاری دروست بون و سەرهەڵدانی ڕوداوەكان بۆ خوێنەر بخاتەڕوو، بێگومان ئەمەش دەبێتە ئامرازێكی یارمەتیدەر بۆ ئەوەی خوێنەر بە شێوەیەكی ئاسان لە كاتی خوێندنەوەی كتێبەكەی بچێتە ناو كرۆكی ڕوداوە مێژووییەكان و لێیان تێبگات، مێژوونوسەكەمان لە گێڕانەوەی ڕوداوەكانی ساڵی (222ك /836ز) باس لە هۆكاری هاتنی پاشای نوبیەكان دەكات بۆ شاری بەغدا، وەك دەڵێت :" لەم سەردەمەدا پاشای نوبییەكان هات گەیشتە بەغدا لە بەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە..." ناوبراو هۆكاری هاتنی پاشای خستوەتە ڕوو، كە خۆی لە پەیوەندی ئابوری دەبینێتەوە (الرهاوي المجهول،1986: 45/2)، هاوكات باس لە هۆكاری كوشتنی نەسیرەدین[(1)] جێگری عیادەدین زەنگی لە موسڵ دەكات، كە دەڵێت: " لە پێشوتردا باسی كوشتنی نەسیرەدینمان كرد، ئێستا لەسەر هۆكاری كوشتنەكەی دەدوێین..." ڕەهاوی نادیار هۆكاری كوشتنەكەی لە لایەن برازای[(2)] سوڵتان مەسعودی سەلجوقییەوە، بۆ حەزو ئارەزوی ناوبراو، بەمەبەستی دەست بەسەر داگرتنی موسڵ و ناوچەكانی دەوروبەری و ماڵی زەنگی دەگەڕێنێتەوە (الرهاوي المجهول،1986: 155/2-156)، ڕەهاوی لە باسكردنی ڕوداوەكانی ساڵی (570ك/1175ز) هۆكاری چونی سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ وڵاتی شام بەو شێوەیە شیدەكاتەوە و دەیخاتە ڕوو، دەڵێت:" لە ساڵی 1486[570ك/1175ز] سەلاحەدین بە سوپایەكی زۆر و سامانێكی گەورەوە لە میسرەوە چوو بەرەو دیمەشق، واینیشاندا كە ویستی یارمەتی دانی كوڕی[(3)] نورەدینی هەیە، تا دەسەڵاتەكەی بۆ بچەسپێنێ، بەڵام ئەوە تەنیا بە ڕوكەش بوو، ڕاستیەكەی ئەو دەستی دەختسە ناو گشت كاروبارەكان" (الرهاوي المجهول،1986: 206/2-207).

**ئەنجام**

1- بەهۆی كەمی سەرچاوە و نەمانی بەرگی پەرتوكەكەی زانیاری لە بارەی كەسایەتی و ژیانی مێژوونوسەكە زۆر كەمە.

2- هەست و سۆزی تایبەتی بۆ مەسیحیەكان لە تەواوی تۆمارە مێژووییەكەی بەدی دەكرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ناوبراو پیاوێكی ئاینی مەسیحی بووە، بۆیە ئەو بابەتانەی خستۆتە ڕوو كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە كۆمەڵی مەسیحیەكانەوە هەبووە.

---

(1) بە یەكێك لە میرە ناودارەكانی ئیتالیا دادەنرێت، كەسێكی زیرەك و بە توانا بوو، ڕۆڵێكی گەورەی بینی لە هەڵمەتی خاچی یەكەم، توانی دەست بەسەر ئەنتاكیە دابگرێت و میرنشینێكی خاچی لێدابمەزرێنێت، ساڵی (494ك/1100ز) بەرامبەر بە سوپای غازی كوڕی دانشمند تێكشكا و بەشێكی زۆر لە سەربازەكانی كوژران، خۆشی دەست گیر كرا، لەساڵی (497ك/1103ز) بەرامبەر بە بڕێك پارە ئازادكرا، لە ساڵی (505ك/1111ز) كۆچی دوایكرد (رنسيمان،1997: 86/2،66؛ زابوروف،1986: 128).

(2) ڕەهاوی نادیار تێكشكانی بۆهیمۆندی گەورەی بە دەستی دانشمند لە پێشوتردا باسكردووە بڕوانە (1986: 80/2-81).

(1) نەسیرەدین جغر كوڕی یەعقوبە، جێگری عیمادەدین زەنگی بوو لە موسڵ و ناوچەكانی تری ڕۆژهەڵات، لە ساڵی (539ك/1144ز) بە پیلانێك لە لایەن فروخ شای كوڕی سوڵتان مەحمودی سەلجوقی لە موسڵ كوژرا (البنداري ، 1978 : 188 -189).

(2) سوڵتان مەحمودی سەلجوقی دوای مردنی لەساڵی (526ك/1131ز) عیمادەدین زەنگی هەردوو كوڕە بچوكەكانی سوڵتانی لە خۆ گرت، یەكیان ناوی ئەلب ئەسەلان بوو، كە لە یەكێك لە قەڵاكانی سنجار نیشتەجێببوو، ئەوەی تر پێدەگوترا فروخ شا، كە لە موسڵ بوو (البنداري،1978: 145 ،188).

(3) ئیسماعیل كوڕی نورەدین مەحمودی كوڕی عیمادەدین زەنگییە، بە مەلیك سالّح ناسراوە، دوای مردنی باوكی لە ساڵی (569ك/1174ز) لە تەمەنی یازدە ساڵی شوێنی باوكی گرتەوە، ساڵی(577ك/1181ز) لە تەمەنی نۆزدە ساڵی لە شاری حەلەب كۆچی دوایكرد (ابن الأثير،2003: 58/10، 106؛ ابو الفداء،1907: 63/3).

3- ڕەهاوی نادیار لە نوسینی مێژووەکەی پەیڕەوی لە ڕێبازی تێکەڵاو کردوە، واتە بەشێك لە ڕوداوەکانی بە پێی ساڵ بە شێوەیەکی زنجیرەی خستۆتە ڕوو، ئەمەش جۆرێك لە ڕێبازی ساڵانە وێنا دەکرێت، لە لایەکی تر بەشێکی زۆر لە ڕوداوە مێژووییەکانی بە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی تۆمار کردوە، واتە جۆرێك لە ڕێبازی بابەتی پەیرەو کردوە، بە شێوەیەکی گشتی ناوبراو پابەندی هیچ کام لە ڕێبازی نوسینی مێژوویی نەبووە.

4- لە نوسینی مێژووی ئیسلام، ڕەهاوی نادیار لە تۆمارکردنی ساڵی ڕودانی بەشێك لە ڕوداوە مێژووییەکان ورد نەبووە، واتە هەڵەی کردوە، بە تایبەتیش لە گێڕانەوەی ئەو ماوە مێژووییەی کە بەر لە خۆی ڕویانداوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم :سەرچاوەعەرەبییەکان (المصادر)


1. إبن الأثير، عزالدين علي بن محمد الجزري(ت630ك/1233ز) . (د.ت)، التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية، القاهرة: دارالكتب الحديثة، تحقيق : عبدالقادر احمد طليمات.

2. .......................... (1987، 2003م)، الكامل في التاريخ، بيروت: دار الكتب العلمية، تحقيق: أبو فداء عبدالله القاضي.

3. الإدريسي، محمد بن محمد بن عبدالله إدريس بن يحيى.(ت559ك/1166ز) (2002م)، نزهة المشتاق في اختراق الأفاق، القاهرة: مكتبة الثقافية الدينية.

4. اسامة بن منقذ، مؤيد الدولة أبو مظفر اسامة الكناني الشيزري.(ت584ك/1188ز) (د.ت)، كتاب الاعتبار، القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية، حرره: فيليب حتي.

5. البغدادي، أبو منصور عبالقاهر بن طاهر بن محمد.(ت429ك/1037ز) (2009م)، الفرق بين الفرق، القاهرة: دار الطلائع، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد.

6. البنداري، الفتح بن علي بن محمد الأصفهاني. (ت643ك/1245ز)(1978م)، تاريخ دولة أل سلجوق (هو مختصر كتاب نصرة الفترة و القطرة) للعماد الأصفهاني، بيروت: دار الأفاق الجديدة.

7. ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن حوقل النصيبي (ت367ك/978ز) (1938م)، صورة الأرض، ليدن: مطبعة بريل.

8. الحميرى، ابو عبدالله بن محمد بن عبدالمنعم (ت900ك/1495ز) (1984م) الروض المعطار فى خبر الاقطار، بيروت: مكتبه لبنان: احسان عباس

9. ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله الخراساني (ت280ك/893ز) (1889م)، المسالك والممالك، ليدن: مطبعة بريل.

10. ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد (ت681ك/1282ز) (1978م)، وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، بيروت: دار صادر، تحقيق: أحسان عباس.

11. الدياربكري، الامام الشيخ حسين بن محمد بن حسن (ت990ك/1582ز) (د.ت)، تاريخ الخميس في احوال أنفس نفيس، بيروت: مؤسسة شعبان.

12. الذهبي، شمس الدين محمد بن عثمان (ت748ك/1347ز) (1996م)، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، بيروت: دار الكتاب العربى، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري.

13. ............... (1984م)، سير أعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، تحقيق: شعيب الأرنووط و اكرم البوشى.

14. سبط ابن الجوزى، شمس الدين يوسف قزاغلو(ت654ك/1256ز) (1952)، مرأة الزمان فى تاريخ الاعيان، حيدراباد: مطبعة دائرة المعاريف العثمانية.

15. السمعاني، أبو سعيد عبدالكريم بن محمد بن منصور(ت562ك/1167ز) (1980م)، الانساب، القاهرة: مكتبة ابن تيمية، تحقيق: الشيخ عبدالرحمن بن يحيى.

16. السيوطي، جلال الدين بن عبدالرحمن بن ابى بكر(ت911ك/1506ز) (2003م)، تاريخ الخلفاء، بيروت: دار ابن حزم.

17. ابن شداد، بهاءالدين يوسف بن رافع(ت684ك/1285ز) (1964م)، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (المشهور بسيرة صلاح الدين)، القاهرة: الخانجى، تحقيق: جمال الدين الشيال.

18. الطبري، ابو جعفرمحمد بن جرير(ت310ك/922ز) (1976م)، تاريخ الطبري (تاريخ الرسل و الملوك)، مصر: دارالمعارف، تحقيق: ابوالفضل إبراهيم.

19. ابن الطقطقي، محمد بن على بن طباطبا(ت709ك/1390ز) (د.ت)، الفخري في الاداب السلطانية والدول الأسلامية، بيروت: دارصادر.

20. ابن العبري، أبو الفرج جمال الدين بن تاج الدين الملطي(ت685ك/1286ز) (2005م)، تاريخ الزمان، بيروت: دارالمشرق، ترجمة: إسحق أرملة.

21. ابن العديم، كمال الدين أبو القاسم عمر أحمد. (1996م)، زبدة الحلب فى تاريخ حلب، بيروت: دار الكتب العامية، تحقيق: خليل المنصور.

22. ابن العمراني، محمد بن على بن محمد(ت660ك/1261ز) (1999م)، الأنباء في تاريخ الخلفاء، القاهرة: دار الأفاق العربية، تحقيق: قاسم السامرائى.

23. العمري، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن يحيى(ت749ك/1348ز) (2010م)، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، لبنان: دارالكتب العلمية، تحقيق: مهدي النجم و كامل سلمان الجبوري..

24. ابوالفداء اسماعيل بن على بن منصور(ت732ك/1332ز)(1907م)، المختصر في اخبار البشر، مصر: المطبعة الحسينية.

25. القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت682ك/1283ز) (د.ت)، أثار البلاد و أخبار العباد، بيروت: دارصادر.

26. ابن القلانسي، أبو يعلي حمزة بن أسدالدين بن علي التميمي(ت555ك/1160ز) (1908م)، ذيل تاريخ دمشق، بيروت: مطبعة الأباء اليسوعيين، تحقيق: أمدروز.

28. متى الرهاوي، (2011م)، تاريخ متى الرهاوي، الاردن: مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية والنشر، ترجمة: محمود محمد الرويضي و عبدالرحيم مصطفى

29. المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسين بن علي(ت346ك/957ز) (2005م)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، بيروت: المكتبة العصرية، تحقيق: كمال حسن مرعي.
30. مسكويه، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب(ت421ك/1030ز) (د.ت)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، القاهرة: دار الكتاب الإسلامي، تحقيق: أمدروز.
31. المقريزي، تقي الدين احمد بن علي بن عبدالقادر(ت845ك/1441ز) (1996م)، اتعاظ الحنفا باخبار الائمة الفاطميين الخلفا، القاهرة: دارالفكر العربي، تحقيق: جمال الدين الشيال.
32، ميخائيل السرياني، ايشوع بن ايليا أل قنداسي(ت556ك/1199ز) (1996م)، تاريخ ميخائيل السرياني، حلب: دارماردين، ترجمة: غريغوريوس صليبا شمعون.
33. النسوي، محمد بن أحمد(ت647ك/1249ز) (1953)، سيرة سلطان جلال الدين منكبرتي، القاهرة: دارالفكر العربى، تحقيق: حافظ أحمد حمدي.
34. ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي(ت626ك/1229ز) (1977م)، معجم البلدان، بيروت: دارصادر.
35. ................ (1998م)، الخزل والدأل بين الدور والدارات والديرة، دمشق: منشورات وزارة الثقافة، تحقيق: يحيى زكريا عبارة و محمد أديب جمران.
36. اليعقوبي، احمد بن واضح بن جعفر بن وهب(ت292ك/905ز) (2010م)، تاريخ اليعقوبي، بيروت: شركة الاعلمي للمطبوعات، تحقيق: عبدالامير مهنا.

**دووەم: ژێدەرە عەرەبییەکان**

37. أبونا، ألبير. (1996م)، أدب اللغة الارامية، بيروت: دار المشرق.
38. ............ (2003م)، تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية، بيروت: دار المشرق.
39. أمين، أحمد. (2012م)، ضحى الاسلام، القاهرة: مؤسسة هنداوي.
40. برصوم، أفرام. (1976م)، اللؤلؤ المنثور في تاريخ العلوم والادب السريانية، بغداد: مطبعة الشعب.
41. بركتور، ميجور. (2013م)، تاريخ الحروب الصليبية، مصر: دار طيبة، ترجمة: على رمضان فاضل.
42. بيضون، ابراهيم. (1995م)، مسائل المنهج في الكتابة التاريخية العربية، بيروت: دار المؤرخ العربي.
43. تامر، عارف. (1982م)، الحاكم بأمرالله خليفة و إمام و مصلح، بيروت: دار الافاق الجديدة.
44. جب، هاملتون. (1979م)، دراسات في حضارة الاسلام، بيروت: دار العلم للملايين، ترجمة: احسان عباس والاخرون.
45. ................ (1981م)، علم التاريخ، بيروت: دار الكتاب البناني، ترجمة: ابراهيم خورشيد والاخرون.
46. حمدى، حافظ أحمد. (د.ت)، الدولة الخوارزمية والمغول، القاهرة: دار الفكر العربي.
47. دوسلييه، الأن، (2014م)، مسيحيو الشرق والإسلام في العصر الوسيط، بيروت: دار الساقي، ترجمة: رشا الصباغ و رندة بحث.
48. دوفال، روبنس. (1992م)، تاريخ الادب السرياني، بغداد: منشورات مطرانيه السريان الكاثوليك، ترجمة: لويس قصاب.
49. روبنسون، جيسي. (2014م)، البلاط والمجتمع الإسلامي وعلم التاريخ، بيروت: شركة الطبوعات للتوزيع والنشر، ترجمة: عبدالجبار ناجي.
50. رنسيمان، ستيفن. (1997م)، تاريخ الحروب الصليبية، بيروت: دار الشقافة، ترجمة: السيد الباز العريني.
51. روزنثال، فرانز. (1983م)، علم التاريخ عند المسلمين، بيروت: مؤسسة الرسالة، ترجمة: صالح أحمد العلى.
52. زابوروف، ميخائيل. (1986م)، الصليبيون في الشرق، موسكو: دار التقدم، ترجمة: الياس شاهين.
53. زكار، سهيل. (1995م)، الموسوعة الشاملة في تاريخ الحروب الصليبية، دمشق: دار الفكر.
54. زيات، حبيب. (1999م)، الديارات النصرانية في الإسلام، بيروت: دار المشرق.
55. ساكا، اسحق. (2007م)، السريان ايمان وحضارة، اربيل: د.ن.
56. سليفاني، مهدي صالح. (2012م)، الايوبيون في كتابات المؤرخين السريان، اربيل: مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر.
57. الشرقاوي، محمود. (د.ت)، التفسير الدينى للتاريخ، العراق: الشعب.
58. الشريف، محمد بن موسى. (2013م)، إعداد المؤريخ الثقة، مصر: دار التوزيع والنشر.
59. طقوش،محمد سهيل.(2002)، تاريخ سلاجقة الروم في اسيا الصغرى،بيروت: دارالنفاس.
60. عدوان، أحمد. (1981م)، الدولة الحمدانية، الييبة: منشورات الشعبية للنشر و التوزيع والاعلان والمطابع.
61. العزاوي، عبدالرحمن حسين. (د.ت)، التاريخ والمؤرخون في العراق، العراق: دار الشؤون الثقافية العامة.
62. غروسيه، رنيه. (2014م)، موجز تاريخ الحروب الصليبية، أبوظبي: دار الكتب الوطنية، ترجمة: أحمد ايبش.
63. لسترنج، كي. (1985م)، بلدان الخلافة الشرقية، بيروت: مؤسسة الرسالة، ترجمة: بشير فرنسيس و كوركيس عواد.
64. مراد، كامل و محمد حمدى البكري و زاكية محمد رشدي. (1987م)، تاريخ الأدب السرياني من نشأته الى العصر الحاضر، القاهرة: دار الثقافة للنشر.
65. معروف، أحمد سليمان. (1988م)، قرأءة جديدة في مواقف الخوارج و فكرهم وأدبهم، دمشق: دار طلاس.
66. منصور، محمد علاءالدين. (1989م)، تاريخ إيران بعد الإسلام، القاهرة: دار الثقافة و النشر والتوزيع.
67. هدارة، محمد مصطفى. (1966م)، المأمون الخليفة العالم، مصر: الدار المصرية للتأليف والترجمة.
68. يزبك، قاسم. (1990م)، التاريخ و منهج البحث التاريخي، بيروت: دار الفكر لبناني.
69. اليسوعي، صبحي حموي. (1998م)، معجم الايمان المسيحي، بيروت: دار المشرق.
70. يوسف، جوزيف نسيم. (1981م)، العرب والروم واللاتين في الحرب الصليبية الاولى، بيروت: دار النهضة العربية.
71. يوسف، إفرام. (2010م)، الفلاسفة و المترجمون السريان، القاهرة: المركز القومى للترجمة، ترجمة: شمعون كوسا.

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی**

**أ- سەرچاوە:**

72 . Brock, Sebastian. (1976), Syriac Sources For Seventh Century History, in the Blackwell, B: Byzantine and Modern Greek Studies, New jersey.

73. ……………………….. (1997), A Brief Outline of Syriac Literature, Indai: Baker Hill , Kottayam.

74. Burkitt, F. Grawford. (1904), Early Eastern Christianity, New York: Dutton Company.

75. Edwell, Peter. (2015), Arabs and Empires Before Islam, united king dom: Oxford University press.

76. Moosa, Matti. (2003), Asketch of Syriac Sources, in Semaan, Khalil: The Crusades Other Experiences, New York.

77. Sophoulis, Panos. (2012), Byzantium and Bulgaria, 775-831, Leiden: Koninkijke Brill.

78. Teule, Herman. (2012), Chronicon AD Annum 1234 Pertines, in Thomas D. and Malletta: Christian- Muslim Relations, leiden: Brill.

79. Trombley, Frank R. (2000), The Chronicle of Pseudo-Joshua The stylite, England: Liver Pool press.

80.Weltecke, Drthea (2010), Patriarch Michael, The anonymous Chroniclr AD 1234, and Bar Ebroyo, in the Teule, Herman: The syriac renaissance, leuven: peters.

**ب- توێژینەوە:**

81. Brock, Sebastian. (1980), syriac historians Writing.

(بحث بالإنكليزية منشور في مجلة المجمع العلمي العراقي، هيئة السريانية، مج5)

**چوارەم: سەرچاوەی سریانی:**

82.Chabot, J.B. (1937), Chronicon, AD. Annum Christi 1234 pertinens, parisiis.

**ملخص**

يهدف هذا البحث والذي يحمل عنوان (منهج الرهاوي المجهول في تدوين التاريخ) الى تسليط الضوء على اسلوب الرهاوي المجهول في تدوين الاحداث التاريخية في كتابة الموسوم (تاريخ الرهاوي المجهول) ضمن جزئه الثاني، محاولين الكشف عن الأسلوب الذي اعتمده المؤرخ في اظهار الحدث التاريخي مبتكراً منهجاً جديداً في السرد التاريخي على اساس الملزمة التى تحمل عنواناً مستقلاً لينقل لنا حادثة تاريخية مستقلة او مرتبطة بأخرى سابقة، وهو بذلك جاء بمنهج مختلف عن من سبقه من المؤرخين السريان و كذلك المسلمين.

افتضت طبيعة البحث ان يقسم الى ثلاثه مباحث تناول الاول تعريفاً سريعاً بالمؤرخ وكتابه. اما المبحث الثاني فقد خصص للحديث عن منهج الكتابة التاريخية لدى الرهاوي، ثم جاء المبحث الثالث ليتناول بشئ من التفصيل تقديم نظرة تحليلية للاهتمامات الرهاوي بالحدث التاريخي من خلال تقصي عناوينه و ارتباطها بالرواية والمبالغة في تقديم الحدث كذلك القطع في الرواية التاريخية الذي بدى جلياً في عدد من نصوصه ناهيك عن مدى ظهور الدور الالهي فى توجيه التاريخ اسباباُ و نتائجا و ختمت الدراسة تقديم صورة عن مدى اقدام الرهاوي بنقد الحدث التاريخي و قيامه احياناُ بعقد مقارنة بين احداث كانت قد جرت سابقاُ مع اخرى قيد التدوين.

**Abstract**

This study entitled “The Method of the Anonymous of Edessa in Documenting History” aims at shedding light on the style of the Anonymous of Edessa in documenting the historical events in his book *History of the* Anonymous of Edessa*,* particularly in Vol 2. We try to uncover the method which he used in documenting the historical event, which is an invented method in the historical narration, based on the Binding, which has an independent title that narrates an independent event or one that is related to a preceding one. As a result, he came up with an unprecedented method compared with that of the Muslim or the Assyrian historians.

The study is divided into three sections: the first section deals with the historian and his book. The second section deals with Anonymous of Edessa method of the historical writing. The third presents an analytical overview of Anonymous interest in the historical event through exploring the titles and their relation with the narration, the exaggeration in presenting the event, and the discontinuity of the narration, which was apparent in a number of his texts, let alone the divine role in guiding history.

The study ends with giving an account of how Anonymous of Edessa criticized historical event and how he made comparisons between events that happened in the past and some ones which are in the process of documentation.